تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية
دەزگای میدیایی کەرکوک دەریدەکات

# گۆڤاری TV مجلة

ئەیلولی 2023
29



## نوێگەری لە کاردا
## کۆدەنگی لە بڕیاردا

# پیرۆزە سەرکەوتنی گۆنگرەی پێنجەمی ی.ن.ک

P
U
K

# پانۆرامای گۆنگرەی پێنجەمی ی.ن.ك














مجلة
گۆڤاری TV

## لەم ژمارەیەدا



فزووڵی بەغدادی
شاعیری ئازەری کورد
ل ٧ ...........................



حەقیقەت لەلای
کیرکەگارد
ل ٢٢ ...........................



سركون بولص
الشاهد الوحيد على عملية
(اعدام صقر)
ص ٣٤ ........................



وداعا جلال زنگابادي ..
الصحفي المثقف والاديب
الملتزم
ص ٤٤ ..........................

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية

رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩



گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوک بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئیس التحریر
رموان تاڵیب

تحریر القسم العربي
رزگار شوانی

دیزاین - تصمیم
دڵشاد زەنگنە

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات
KRT
07707273939
07503203929

PUK




# ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی ی.ن.ک



ژمارە (٢٩) ئەیلولی ٢٠٢٣

PUK




# ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی ی.ن.ک




# ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی ی.ن.ک







# فزووڵی بەغدادی
## شاعیری ئازەری کورد



خالید جاف

هەرکەسێك شانازی بەم شاعیرە کردبێت، شوێنی لەدایك بوونی بردۆتەوە شارەکەی خۆی !. هەرجارێك بە نازناوێك ناویی هاتووە بە: ئازەری، کەرکوکی، بەیاتی، بەغدادیی، حیللی، کەربەلایی، تورکی، فارسی) بەو هەموو نازناوە ناوی هاتووە... کەچی لە بەڵگەنامە لەبیرکراوەکان، کە نوشتاون لەکتێبخانە و دەزگاکاندا، کەس نەبووە هەواڵی بپرسێت رەحمەتی(مامۆستا عەبدولڕەحمان پاشا) نەبێت، لە ڕۆژنامەی (باس)دا زۆر بەجوانی لە (٣) ژمارەی یەك بەدوای یەکدا زانستییانەو ئەکادیمیانە باسی (کورد بوونی فزووڵی) کردووە.

فزووڵی ناوی محەممەد سلێمانە، ساڵی ١٤٩٤زایین لەدایك بووە، شاعیری سەدەی دەیەمی کۆچییە، خاوەنی کتێبی (حەدیقەتولسوعدا) و (حەدیقەتولشوهەدا) و (داستانی لەیل و مەجنون) ...هتد. دەستنووسی دیوانەکەی لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە، لە رێکخراوی یونسکۆی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩٤ رێزی لە (فزووڵی) ناوە، سەرجەم کتێبەکانی بە چاپ گەیاندووە( )...

لە بارەی کورد بوونی ئەم شاعیرەدا لە کتێبی (تەزکرەی شوعەرای ئازربێجان) ناوی بە (فضولی ئاذربایجانی) بردووە ، بە تایفەی کوردی ئازربێجان ناوی هێناوە ، هەروەها نووسەر توێژەر و وەرگێڕ و مێژوونوسی ئێرانی (سەعید نەفیسی)، لە کتێبی (تاریخ ادبیات ایران)دا، دان بەوەدا دەنێت کە ئەسڵ و ئەسایی فزووڵی بەغدادی کوردە، لەلایەکی ترەوە لە رۆژنامەی (کوردستان) لە ١٨٩٨ز لە قاهیرە دەرچووە، لەلایەن میقداد میدحەت، کە یەکێکە لە نەوەی بەدرخانیەکان، لە ژمارە ١٧ی ئەو رۆژنامەیەدا، کەسێك نامەیەکی درێژی بە شێوەزاری تورکی عوسمانیی نووسیوە، ناوی خۆی ناوە (کوردی)، لە بڕگەیەکی نامەکەیدا (کوردی) ی مەدح و سەنای میللەتی کورد دەکات و دەڵێت: هەندێك جار میللەت بە ڕێگای یەکێك لە رۆڵەکانییەوە بڵند دەبێت و دەناسرێنەوە، میللەتی ئێمەش بە شاعیرێکی وەکو (فزووڵی بەغدایی) و قارەمانێکی وەکو (سەلاحەدینی




ئەیووبی) کە ئێمە نەوەی ئەم زاتە گەورانەین، کە بە قەومی کورد ناسراون.

هەروەها عەباس عەززاوی لەباسی فزوولی دا دەڵێت: فزوولی لە سەردەمی عوسمانیدا نازناوی سەرداری شاعیرانی پێدرابوو، بە ناوبانگترین شاعیری ئازەرییە، بە ڕەچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر عەشیرەتی دێرینی (بەیات)، (مەلا محەمەدی مەردۆخی) عەشیرەتی دێرینی (بەیات)، بە کورد ناوییان دەبات و دەڵێت: (بەیات) تیرەیەکە لە لوڕ، لوڕیشی کردووە بە دوو بەش بە(فەیلی و مامەسەنی)، بە مامەسەنی دەڵێن لوڕی گەورە کە (٢٨) تیرەیە و یەکێك لەو تیرانە (بەیات)ی دێرینە. هەروەها لە هەمان سەرچاوەی عەباس عەززاوی دا تێیدا دەڵێت: (فزولی) لە کۆنترین عەشیرەتی بەیاتی تورکمانە، بە (بەیات و دلیران)ی سەر بە پارێزگای واست (کووت) بە کۆنترین هۆزی تورکمان ناوی دەبات و دەڵێت ئەم هۆزە تێکەڵن لە عەرەب و تورکمان و کورد.

دواتر لە سەرچاوەیەکی تردا دکتۆر ئیبراهیم داقووقلی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لەسەر (فزوولی بەغدایی) کە لە ساڵی ١٩٧٢دا بەدەستی هێناوە، بە زمانی حاڵ دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٦ لە کۆنگرەیەکدا لە تونس منیان بە ئافرەتێکی پرۆفیسۆری رووسی ناساند، کە لە بواری تورکناسیدا پسپۆڕێکی لێهاتوو بوو، بەو ئافرەتەی راگەیاند کە من دکتۆرام لەسەر (فزوولی شاعیر) بەدەست هێناوە، زۆر خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەرم دەربڕی، منیش لێم پرسی: دیارە جەنابتان (شیعە مەزهەب و ئازەرین)! لە وەڵامدا وتی: ببوورە من کریستیانی کاسوولیکم، ناوم (ئایرین ملیکۆف)ە و خەڵکی رووسیام. لێرەدا پرسیارەکەی داقووقلی خۆی لە خۆیدا وەڵامێکە بۆ ناسنامەی فزوولی کە ئازەریە و شیعە مەزهەبە و خەڵکی ئێرانە.

هەندێك لە کتێبە فارسییەکانیش کەباسی (فزوولی) دەکەن دەڵێن: (شاعیری زمانی تورکی)یە، نەك شاعیری بە رەگەز تورك، بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە ئەم شیعرەیەتی دەڵیت: «لەبەر ئەوەی بە لەفزی فارسی زیاتر نەزمی (شیعر)م دەکەم، نەزمی ناسك بە لەفزی تورکی دژوار دەبێت، ئەگەر بە لەهجەی تورکی نەزمێك دارێژیت، زۆربەی ئەلفازەکان نا پەیوەست و نا هەموار دەبێت، بەندە گەر تەوفیق ببێت ئەو دژوارییە ئاسان دەکەم، لە نەوبەهاری نەبوونەوە، بوونی گوڵ ئاشکرا دەکەم»

**او سببتن فارســی لفزیلا چوکتر نزم کـم**

**نزمی نـازوك تــورك لفزیلا ایـان دژفار اولـر**

**لهجیی تورکی کبوولی نزمی ترکیب اولیب**

**أکســری ألفــازی نا مربـــوگ نا همڤار اولر**

**بنده تفییك أولسا  أو دژفـاری أسان أیلرم**

**نڤبهار أولغج عدمـدن برکـــی گول أزهار أولر**

ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فزوولی تورك نییە، و شێوەزار و نەزمی شیعری تورکیی بە دژوار زانیوە، زیاتر دەرکی بە ناسکیی ریتم و ئاوێتەیی لەفزی زمانی شیعری کردووە بۆ نەزمی فارسی، لەبەر ئەوە لەفز و زمانی تورکی بۆ هۆنینەوە و نەزمی شیعر نابن،







هەروەها ڕۆژهەڵاتناس گریمیسکی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی تورکی)دا دەڵێت: فزووڵی یەکێکە لە کوردانی ئازەربایجان لە کتێبی (الکرد فی دائره المعارف الاسلامیه)دا هەمان راستی دووپات کراوەتەوە، فزووڵی لەبەر ئەوەی کوردێکی شیعە مەزهەب بووە، لە خزمەتی ئیمامی حوسێن سادن بووە، کۆتایی ژیانی لە کەربەلا بردۆتە سەر تا ساڵی ١٥٥٦زایین لەوێ کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێ بەخاك سپێردراوە.

**سەرچاوەکان:**


١- هەرسێ رۆژنامەی (باس) یەك بە دوای یەك، ژمارە (٣٣٣) لە (٢٠١٧/٥/٩ )، ژمارە(٣٣٤) لە (٢٠١٧/٥/١٦)، ژمارە (٣٣٥) لە ٢٠١٧/٥/٢٣) هەفتەنامەیەکی گشتییە کۆمپانیای ڤێرسای دەری دەکات/ لە هەولێر.

٢- (تەزکرەی شوعەرای ئازربیجان) محمد دیهیم/ جلد دوو/ مکان نشر: تبریز – ایران / سال نشر ١٣٦٧ش/موچوع : شاعران ایرانی- ێژربایجان- سرکژشت نامه – شعر فارسی- مجموعەها

٣- رۆژنامەی (کوردستان) ژمارە ١٧ی رۆژی پێنج شەممەی ٨ی رەبیعول ئەووەلی ساڵی ١٣١٧ ك ڕێکەوتی ١٨ی تەمووزی ١٨٩٩ زایین، لاپەڕە/٣.

٤- المحامی عباس العزاوی/ موسوعه تاریخ العراق بین الاحتلالین/ مجلد: ٤ /الدار العربیه للموسوعات، بیروت، ٢٠٠٤.

٥- مەلا محەمەدی مەردۆخی/ مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی محەمەد فیدا، چاپخانەی سەرکەوتن، بەغدا، ١٩٥٨. لاپەڕە (١٤٧).

٦- ماڵپەڕی (tripod.com/dakoki.htm.http://alawi١٢) بابەتی (العلویون: اصحاب دین جدید أم طریقة تصوف او مذهب سیاسی لعصر العولمه؟ ابراهیم الداقوقی، مدیر مرکز الدراسات الاکادیمیه وتواصل الثقافات، ڤیێنا. بڕوانە گۆڤاری (صوت الآخر)، ژمارە (٢٧٦)، ٢٠١٠/١/٢٠، بابەتی الراحل شیخ الباحپین وکتابه العلویون، عەبدولکەریم یەحیا زێباری، هەولێر.

٧- دیوانی فزولی لە ئامادە کردنی: عەبدولباقی گولپنارلی، چاپخانەی تان گازەتەست، ئەستەنبووڵ، ١٩٦١، بە تورکیی لاتینی: (Fuzuli Divani / Hazirlian: Abdulbaki Golpinarli/ Tan Gazetest Ve Matbaasi_ Istanbul_ ١٩٦١












# سۆزی هەورەبروسکە



نوسینی ، ئازاد پێنجوێنی

چڕاوگەی ئاوی جۆگەلەکە لەتەواوی کۆڵانە باریکەکەدا کۆبوبوەوە ئاخر ئەو زێرابەی ئاوەکەی بۆ دەڕۆی لە بەدبەختی ئەودا گیرابو ئەوەش هۆکار بوو پێڵاوو گۆرەویەکانی یەك پارچە ببن بەئاو لەداخا ددانەکانی دەکرۆژی ، دڵخۆشی خۆی دایەوە ، بەم ڕۆژگارە بەقسەی نەشیاوو ئیرەیی و خۆپەرستی دڵی مرۆڤەکان دەگیرێ گرتنی زێراب چیە، دەیویست ئازاری ناوسکی بیرخۆی بەرێتەوە ، لەدڵی خۆیدا گلەیی وناڕەزایی دەردەبڕی دەیوت ،، خۆ لەوەش خراپتر لەم زەمەنەداو ئەم وڵاتەی لەئێستادا منی تیادەژیم لەگیانەڵادایەو ژیان بەکەڵکی ژین کردن نەماوە خوانەکا سەرۆکی شارەوانی جارێك ڕەحمی بتلیسێتەوەو گوزەرێك بکات بەناو ئێرەداو ئاووئاوەڕۆکانی گەڕەك وکۆڵانە کۆنەکان چارەسەر بکات نابابە هاتنی چی کفری نیعمەتە گەربێت .

دەشی ووت ، لەلایەکی کەوە ژاوە ژاوو دەنگی بەرزو پیاهەڵشاخانی ژن و مێردەکان لەسەر قەنەفە گۆڕین و جوانکاری لەش و لارو سەیران و دلیڤەری کەبابو پیتزا و دەنگی بەرزی زنجیرەی دۆبلاژکراوی هیندی وکۆری وتورکی نێو tv ماڵەکان بەبێ سود کە لە زۆربەی پەنجەرەکانەوە دەردەچون ، بیرکردنەوەو ئازار و ژانی ناوسکی تەواو ئارامیان شێواندبو .

دەردی خۆی دەیوت ئەگەرەکو ئەوبارانە نەبوایە خوا دەیزانی ئێستا لەچ قاوشی خەستەخانەیەك کەوتبوم، کێشای بەڕانی خۆیدا ، ئەی هاوار ئەم وڵاتە چۆن دارِما لەسەردەستی چەند زەلامێکی نابەرپرس و خۆفرۆش ئۆف خوایە لەمن هەموجارێك بەخۆم دەڵێم هەقم بەسەرسیاسەتەوە نیە، وای بابەگیان ئازاری سك چەندە ناخۆشە لەپڕێکدا ڕاچڵەکی بەخۆی ووت درۆی چی دەکەیت وەرەوە هۆش خۆت ئازارو خەم و بیرکردنەوەت تەنها دوری ئەوژنەیە دەنا هەموان دەستە مۆکراوین تا ڕابێین هەمیشە لەخەمدا بتلێینەوەو ببینە کۆیلەیە .

هەردوو پێڵاوەکەی کەپڕبوبون لەئاو لەپێیەکانی داخزاندو ئاوەکەی لێ دەرکردن خۆی قیت کردەوەو هەنگاوی نا بۆ ڕێکردن لەبەرئەوەی ناو کۆڵانەکە تاریك بو خۆیدا بەعەمودێکدا، ئاخ سەرم خوادەست بەباڵیانەوە نەگری و تەفروتونا بن ئەوانەی ئەم دۆخەیان خوڵقاند زەردەیەك گرتی وەك ئەوەی گاڵتەی بەم دۆخە بێت، ڕاستیشی کرد کەدەیوت، من باکم نیە باران بارین بەردەوام بێ و لەچاوەڕوانیەکی سپێدەیەکی ئەودا یاخود ڕێکەوتێکی بینینی ئێوارەیەك کەعیشقی ئەوئێوارەیەم بۆ بکاتە هێلانەیەك و وەك باڵندەیەکی دەنگ خۆش بۆم بخوێنێت تەنها ئەمە ویستی منە خوای دەکرد دونیا ئاو دەیبرد کێ دەمرێ یان کێ دەژی کەی کێشەی منە .

هەورە ڕەشەکان دابەش بوبون بەتەواوی ئاسماندا بڕیاروایە لەهەموشوێنێك باران بەردەوام بباری ویستی خودایە هیچ هێزێك ناتوانێ بڵێ بانەباری . لەخۆڕا وای نەدەوت ، کە هەرکات پێویستی بەبایەکی شێدار دەبێت یاخود شەکەت و تینویەتی زۆر و لەبەر تیشکی خۆردا بڕست لێبڕاو کەچی ئەم خانمەی باسی دەکات خۆی بۆ دەکات بە سایەو نەسیم و چەند قومێك لەئاوی ساردی سازگارو ئەویندای پێشکەش دەکات و خێرا دەگاتە لای دەشی ووت ،هەرکاتێك گوزەردەکەم بۆهەرشوێنێك حەزم لەپیاسەیەکی ژێر بارانە چەشنی ، چاپلن کەدەگریا بۆحاڵی خۆی تاکەس فرمێسکەکانی نەبینێ ، هەڵبەتە منیش کەبۆ میهرەبانیەکەی ئەم ژنە دەگریم نامەوێ کەس پێم بڵێ ئەوەچیە ئەوفرمێسکانە کێت مردوە ، ئاخر لەم وڵاتەدا وادەزانن هەر بۆ مردو دەبێ بگریت منیش نامەوێ کەس لێم بپرسێ تەنها خۆی نەبێ تاپێی بڵێم دەگریم بۆ پیرۆزیەکانت بۆ خۆنەویستیت کە بەدوو هەنگاو بۆ لای من دێیت ئەوەتا هەموجارێ هەربەزویی دەگەیتە لام و چەشنی نمەی باران بەسەرمندا زۆر بەهێمنی دادەکەیت، بەخوا لەچلەی هاوینیشدا ڕۆحم درکی بەمە کردوە کە لە ژورێکی لادیواری حەوشەکەیانا شەوو ڕۆژ لەکاتی قسە کردنی لەگەڵمدا بە موبایل عارەقەی گەرما بەچاوە زەردباوەکانیداو لەشو لارە سپیەکەیدا تك تك هاتۆتە خوارێ کەچی هەرسۆزی پێداوم ئەم قسانە وتەی پیاوێکن کە چوار قسە بکات سیان و نیویان سەبارەت بەگەورەیی ژنێکی خانەدانە .

دەشڵێت ، جوانی وسەرنج ڕاکێشیەکەی لەولاوە بوەستێت کەخەزانی پایز دەکاتە سەرەتای بەهارێکی تازە دەرکەوتوی پڕی گوڵ و گوڵزار لەوسەرنج ڕاکێشتر لەگەردنیەوە بۆبنی پێیەکانی لە شیعر دەچێت .

ئەری بەڕاست شیعر چیە ؟ ئۆو بیرم کەوتەوە وەك ساوایەك وایە کەچاوەکانی کردەوە هەمودونیا بەجوانی دەبینێ هەربۆیە ئەم پیاوە لە چاوی ئەم ژنەوە تەنانەت تۆفانیشی لاجوانە ، هەموجارێ دەڵێ کەس لۆمەم نەکات کەبۆچی، شێت ودێوانەی ئەم ژنە بووم، بەس خۆم دەزانم چۆن فریشتەیەکە .

( ئێوارەیەکی تاریك و ڕوون باران بارین بەردەوامە )

پاڵی داوە بەعەمودێکی شەقامە گشتیەکەوە خەیاڵی هەرلای ئەو ژنەیە ئاوێکی زۆریش لەشەقامەکەدا کۆبۆتەوە هاتو هاواری پەڕینەوەی خەڵکی بۆئەم بەرو ئەوبەری شەقامەکەو دەنگی هۆڕین و غەڵبەغەڵبی خەڵکی ناتوانن داییبڕن لەخەیاڵەکەی تەنانەت تکەی توندی ئەولێزمە بارانەش کەبەر سەروکەلەی دەکەون چی بکات ناهەقی ناگرین چونکە دێوانەی ئەم ژنە بوە .

خەریکە تەرمی ڕۆژ بەرەو ناشتن دەبرێت لەبێ دەنگی خۆیی و ئێوارەدا سەیری هاتنی ئێوارە دەکات ڕۆژ ڕەنگ بەڕویەوە نەماوە دونیا ڕەنگی تاری گرتوە کەشو هەوا زۆرساردە هەردەڵێی پاشماوەی ساردی لەڕادەبەدەری ناوچەکانی ئێوارانی سیبریایە .

خۆی دانی پێدادەنێت کەتەنها هاوڕێیەکی سێ چوارعەلاگە قورسی بەدەست لەخەیاڵەکەی داییبڕیوە کاتێ لەبەردەمیدا قوت بۆتەوە ، هەڵبەتە دەبێ یارمەتی بدات ، دواجار وەرگرتنی دوعەلاگە تابەردەم دەرگای ماڵی هاوڕێکەی وادەکات نەهێڵن بڕواتەوەو نانی ئێوارە لەوێ بخوات، خواردیشی خواردنێك کەلەژیانیدا نەی خواردبو، دوای ئەوەی لەماڵی هاوڕێکەی حاڵی تێك دەچێت ناهێڵێ ئەوان پێی بزانن بەناچاری ئەوێ بەجێ دێڵێ و بەژێر جەمەلۆنی دوکان و ماڵەکاندا کۆڵانە باریکەکان دەبڕێ گیانی بەتەواوی ئاوی بارانی لێدەچۆڕێ، خوساندنی گیانی و کێشانی سەری بەوعەمودەی کۆڵانەیا ئەوەندەی تر هەراسانی دەکات ، ئازاریی ناوسکی تا بێت زیاتر دەبێت کە خواردنی قەڕنابیتی سورەوەکراوی چەند ساتێك لەمەوبەری ماڵی هاوڕێکەی ئەمەی بەسەرهێناوە .

هەرچۆنێك بوە دەگاتە شەقامێکی گشتی کە جگە لەمارکێتێك هەموی دەرمانخانەو نۆرینگەیە کەچی ئامادە نیە بچێت حەبێك بۆ ئازارەکەی وەرگرێت هەستێکی سەیرە کە بۆچی ناجوڵێ و هەنگاو بەرەو دەرمانخانەیەك نانێ ، ئەم پیاوە خۆی وادەڵێت ، تەنانت ئەوەش دەڵێت ، کە بەدەم ئازارو ناڵەوە، زەنگی تەلەفونەکەی لێدراوە، زانی ئەو ژنەیە نەشی دەویست پێی بڵێ لەدۆخێکی وادایە و ناڕەحەتی بکات، بەڵام باشی دەزانی تەنها دەنگ ودڵنەواییەکانی ئەوە کە لەخەم وئازارەکانی کەم دەکاتەوە بەڵکو هەرئازاریشی نامێنێ بەبینینی چاوەکانی، دواجار لەپێداگری خاتونی دڵسۆز، ناچار دۆخی خۆی بۆ ڕون دەکاتەوە، ژنەکە وتی منت بمرم قەزات لەمن بۆچی وات لێهات لەکوێیت ئێستە، ئەمیش وتی چیرۆکەکە درێژە بۆتی ڕون دەکەمەوە نزیك لەماڵی خۆتانم لەنێو چوارڕیانی شەقامەکەدا ئازاری سکم زۆرە نازانم بۆچی قاچەکانم بەدوامدا نایەن بچم پارچەیەك حەب وەرگرم، بەهەناسە هەڵکێشانەوە و دڵ پڕیەوە ، ژنەکە پێی وت ،لەشوێنی خۆت مەجوڵێ دەردت لەگیانم حەبێکی باشی ئازاری سکم لایە ئێستە دێمە لات خوابمکا بەقوربانی ناوسکت، پیاوەکە دەنگی بەرزکردەوە ئای گیانەکەم خوانەکات تکات لێدەکەم نەیەیت بۆتۆ پڕمەترسیە باوبۆرانەو کات درەنگە دەوروبەر بزانن دەبێتە کێشە بۆهەردوکمان، کەشی بارانو ڕەهێڵە شەبەکەی موبایلی نەهێشت، هەڵبەتە ئەم پیاوە دەیزانی هەروا ژنێکی ئاسایی نیەو هەردێت هەرئەوەندەی بڵێی سێ ودوو دەگاتە سەری، زۆریشی خەم بو کاتێ دێت توشی دەردەسەری نەبێتەوە چونکە باش دەزانێت کەدێت ، بیری کەوتەوە کەچۆن زۆری لەخۆی کردوەو بەتامی ماسی قەڕنابیتی سورەوەکراوی خواردوە و وای زانیوە ماسی سەلەمۆنە ، دیسان بیری کەوتەوە هاواری ناوسکی کرد ، خۆزگە نەچومایەتە ژورێ و خوڵقەکەییم ڕەت کردایەتەوە ، لەخەیاڵەکەی دابڕا زەنگی تەلەفون لێدرایەوە، دوبارە ئەوژنە شکۆمەندە بو، . ئەلو گیانەکەم دواجار هاتی ئاخر بۆچی ؟ من نەم وت مەیە ، بەدەنگێکی زۆرناسك بەڵام بە هەناسە بڕکێوە ، چۆن نایەم هەناسە ئازاری تۆ ئازاری منە ئەی ئێمە یەك ڕۆح نین ، لەدورەوە چاوی کەوت بەخاتون کەلەژێر تیشکی لاییتی ئۆتۆمبێلەکان شەوقیان دەدایەوە تکەی باران و هەنگاوە خێراکانی دەبینی چۆن بەناو ئاوی کۆکراوەی چاڵ و چۆڵی شەقامەکە بەخێرایی بەرەو لای ئەم دێت ، لەتاوی هاتنی بەوسەرماوسۆڵەیەو ناوەختە ئەوەندەی تر حاڵی پیاوەکە خراپ بو، زۆری لەخۆی کرد بەنیوە هەنگاو بەرەو پیری ژنەکە بڕوات ، ژنەکە بە چەترەکەی دەستیەوە ئاماژەی بۆدەکرد کەنەیەت واخۆی دێت بۆلای،لەمەسافەی ڕۆشتنیان ژنەکە بەفرِکانێك گەیشتە لای لەژێر چەرداخی ئاپارتمانێکی بەرز وەستان سەیرێکی یەکدیان کردو لەچاوەکانی یەکدی ڕامان بەبێ ورتە ، دەنگی هەورە بروسکەیەکی قایم وای کرد ژنەکە زیاتر بترسێ توند باوەشی کرد بە پیاوەکەدا ساتێ ئاوا مانەوە .

پیاوەکە هەستی بەئارامیەکی لەڕادەبەدەر کرد سەرێکی هەڵبڕی بۆئاسمان لەبەرتکەی باران بەئەستەم چاوی بۆدەکرایەوە سەلامێکی بۆ ئاسمان کرد و بەدڵ ووتی : چەندە بەسۆزیت ، مانگ زۆر بەکاڵی دەردەکەوت ، چەند پەڵە هەورێکی ڕەش شاردیانەوە ، هەرئەوەندەی بڵێی یەك و دوو بەسەر سەریانەوە مانگ دەدرەوشایەوە هەڵبەتە هەستی تەواوی پیاوەکە بو کە لەڕوخساری ژنەکەدا درەوشانەوەی مانگی دەبینی، هەستیشی بەوە کرد سەرتاپای وشك بۆتەوە تەنها ڕۆحی نەبێ بەتەواوی تەڕبوە نەئازاری سك نەخەمی بۆژیان نەخواردنی حەب و دەرمان شتێك نین بۆئەم.

تەنها ئەو باوەشەی بەسە کەبتوانێ بەئازارو بێ هیوایی و خەمی قوڵیشەوە لەسایەی سۆزی ژنێکدا بەهیواوە بۆ ژیان بڕوانێت.

# زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە



ن:حەمە کەریم عارف

زمان یەکێکە لە داهێنان و دەستکەوتە هەرە گرینگەکانی تیرەی بەشەرو لە گیانلەبەرەکانی دیکەی جیاکردووەتەوە، لەوساوەی کە بەشەر زمانی داهێناوە لە هەموو ئاستێکی جڤاکی و حەیاتی و فەلسەفی و هونەرییەوە، کەوتووەتە خۆ گێڕانەوەو لە گومناوی ڕزگاری بووە. دیارە ئامیان و بەردی بناغەی هونەر، کە لێرەدا ئەدەبیاتمان مەبەستە، زمانە وزمان بۆ خۆی بەبەردی بناغەی ژیار و شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەکی بەشەری دێتە ژماردن و.. شارستانیەتیش کەلەپوور ومیراتی خەلك و خوا و کۆمەڵگەێن بەشەری جیاوازە و، یەکێکە لە دەستکەوت و تایبەتمەندیەکانی تیرەی بەشەر.. خود گێڕانەوە یان گێڕانەوە تاکو ئەمڕۆش یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگ و هەستیارەکانی ئەدەبیات، ئەدەبیاتیش بێژی نەبێژی بەشێکە لە ژیار وشارستانیەت، یانی ئەگەر نەبێت بە پڕکێشی و زێدەڕۆیی دکارم بێژم دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی ئەدەبیاتی گێڕانەوە، وەکو دیاردەیەکی ئیستاتیکی واقیعی دەکاتە مێژوویەکی تایبەتی و هونەری، مێژوو ئەگەر ڕاستگۆیانە و بێ لایەنانە نووسرابێ، دەکاتە چیرۆکێکی ناهونەری.. بۆیە هەندێجار ئەوەی تێکستێکی ئەدەبی دەربارەی ڕەوش و حاڵ و ئەحواڵی خەڵکی سەردەمێکی دیاریکراو دەماندات، زۆر زیاترە لەوەی تۆماری مێژوو دەماندات.. ئەمەش سەر بۆ ئەوە دەکێشێت کە نووسەر تەنیا لە ژێر هەژموون و کاریگەری و باندۆری کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو ئەویش کاریگەری و باندۆری بە سەر کۆمەڵگەوە هەیە وهەردوو لای ئەم هاوکێشەیە لە کارلێکی تەواودان.. واتە هەوڵی هونەری تەنیا کۆپی کردنی موو بە مووی واقیع و ژیان، وەکو خۆی نییە، بەڵکو هونەراندنیەتی.. بۆیە دەشێت لێکۆڵینەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەر ئەدەبیاتی هەر کۆمەڵگەیەکدا دێت، یارمەتیدەر بێت بۆ ناسین و پەی بردن بەو گەشە ونەشە و گۆڕانانەی بەسەر کەلتوور و ژێرخانی فەرهەنگی و شارستانی ئەو کۆمەڵگایەدا هاتووە. ڕاستە ئەدەبیات لە پێناسە گشتیەکەیدا دەکاتە بەرهەمهێنانی هونەریانە و ئیستاتیکی زمان و لەزەتێکی ئیستاتیکی بە وەرگر دەبەخشێت، بەڵام هەندێ بەرهەمی ئەدەبی هەن، ئەوەندە بە قووڵی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جڤاکی سەردەمی خۆیان شەن و کەو کردووە کە هەندێجار لە سەرچاوە گرینگەکانی کۆمەڵناسی زیاتر پشتیان پێدەبەستریّ و متمانەیان پێدەکرێت.. لەم بارەیەوە بالزاك و چارلز دیکنز بە نموونە دەهێنرێنەوەو دەگوتریّ ئەگەر شارەزایی ونۆڕینی وردی کۆمەڵناسیان نەبوایە هەرگیز وەکو پێشەنگانی ڕۆمانی ریالیستی لە مێژوودا بە نەمری نەدەمانەوە.. بەهەرحاڵ ڕاوبۆچوونی زۆر و هەمەجۆر و تەنانەت هەڤدژیش سەبارەت بە کۆمەڵناسی ئەدەبیات و هونەر هەیە، هەندێك پێیان وایە کە « کۆمەڵناسی هونەرو ئەدەبیات، لقێکە لە زانستی کۆمەڵناسی کە لە پێکهاتە وباندۆری جڤاکی هونەر و ئەدەبیات و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و هونەر دەکۆڵێتەوە. بە هەرحاڵ لەمەوە دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییە کە دەقی ئەدەبی، چەندیش خەیاڵی بێ، ڕەگی دەچێتەوە سەر واقیع وکەم وزۆر، دوور ونزیك، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بویەر و واریقاتی سەردەمی خۆی دەنوێنێت. واتە بەم پێیە، دەکریّ لە ڕێگەی موتاڵا وخوێندنەوەی دەقی ئەدەبی ڕەسەنەوە، کەم دابێژێك پەی بە مێژوو و شێوەی ژیانی خەڵکی سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو ببرێت... هەڵبەتە هونەر و ئەدەبیاتیش بە گوێرەی پێداویستییەکانی ژیانی بەشەر دەگۆڕێت ولە پرۆسەی گۆڕان ناخەلەسێت.. هەر لەم پێوەدانگەوە، گەلێك لە تیوریسینی ئەدەبی ئەمڕۆ، پێیان وایە هەر خوێنەرێك کە دەقیّ دەخوێنێتەوە وهەرجاریّ کە هەمان دەق دەخوێنێتەوە، بەجۆرێکی جیاواز دەیخوێنێتەوە، چوونکە لە سایەی هەلو مەرج وزەمینەیەکی جیاوازدا دەیخوێنێتەوە، وەکو ئەوە وایە دەقێکی جیاواز بخوێنێتەوە، بەم پێیە ولەم ڕوانگەیەوە « کۆمەڵناسی دەق « وەکو لقێك لە کۆمەڵناسی ئەدەبیات دەخرێتەڕوو.. ئیدی بەمجۆرە هەندیك لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە پێیان وایە کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە چەمك و مانا گشتیەکەیدا، هاوتای « ڕەخنەی جڤاکی « دەقی ئەدەبییە و، هەندێك لە شارەزایان ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بە لقێکی دیکەی کۆمەڵناسی ئەدەبیات دەزانن.

***

ئینسان بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، زماندار، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەزموونگەرایە، هەر کاروکردەوەیەکی بەندە بە بیرکردنەوەو ئاستی هۆشیاری ئەوەوە، واتە بە شێوەیەکی گشتی بیر وکردەوە، لە یەکدی نایەنە دابڕان و هەمیشە، لە کارلێکی بەردەوامدان و یەکدی تەواو دەکەن، بیر وکردەوە پەیوەندییەکی دیالکتیکیان بەیەکەوە هەیە. بیر لە بۆتەی ئەزموون و کردەوەدا، گەشە ونەشە دەکات و دەخەملێ و بەرجەستە دەبێت وکردەوە، بە پشتیوانی بیر دەخەملێ و پێدەگات. بەرخورد و مامەڵەی بیروکردار، هۆشیاری ومەعریفەتی لێدەکەوێتەوە واتە هۆشیاری ومەعریفەت، بەرەنجامی بەرخورد و مامەڵەی دوو لایەنەی بیر وکردارە. ئینسان بە درێژایی مێژوو، دنیایەك زانست و هۆشمەندی بەدەست هێناوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زۆرتری کردووە و زیاتری دەکات. هۆشیاری وئاگایی لە ڕێگای پرۆسەی مەعریفەتەوە بەرجەستە دەبێت وقاڵبی خۆی وەردەگرێت، زادە وبەرەنجامی بەرخوردە لە گەڵ ژینگەی سروشتی وجڤاکی دەوروبەری مەدا. هەموو هۆشیاری و ئاگاییەکیش درەنگ یان زوو کرداری لێدەکەوێتەوە.. گوتمان مەعریفەت بەرەنجامی بەرخوردە لەگەڵ ژینگەدا، کردەوەو ئەزموون مەعریفەی لێدەکەوێتەوەو مەعریفەش، کردار (عمل ) دەخەملێنێ.. بەهەرحاڵ ئینسان وەکو بوونەوەرێکی ئەزموونگەرا، هەر کەشفێکی کردووەو هەر مەعریفەتێکی پەیدا کردووە، لە باندۆری ئەزموونی ژیانی خۆی بەدەر نەبووە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەر تاکێك بۆ وەدەست هێنانی ئاگایی، دەبێ بەخۆی شتەکەی ئەزموون کردبێ، چونکە ئەزموونی هەر نەوەیەك، بۆ نەوەی دوای خۆی دەمێنێتەوەو دەبێ بە کەلەپووری ئەو، سەرەتای ژیانی هەر نەوەیەك، درێژەی ژیانی نەوەی پێش خۆیەتی، بۆیە ئەزموونی نەوەکانی پێشوو بە هۆی ئاوەز وئیدراکەوە، دەبێت بە ئەزموونی نەوەی ئێستا و ئیدی پێویست ناکات بۆ نموونە ئەزموونەکەی گالیلۆ دووبارە بکاتەوە.

هەڵبەتە ئاگایی یان مەعریفەت، لە میانی پرۆسەی تایبەتی خۆیەوە بەرجەستە دەبێت، فۆرمی خۆی وەردەگرێت، نەشە وگەشە دەکات و پێدەگات و بەرەبەرە لە قۆناغەکانی دواترا کەڵەکە دەبێت و ڕەوتی خۆی وەردەگرێت و ئاگایی و مەعریفەی زانستی وهونەری لێدەکەوێتەوە.. هەر مەعریفەیەك لە دوو ڕەگەزی ئیدراکی و عاتیفی پێك دێت، واتە مەعریفە هەم ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکییە وهەم ڕەنگدانەوەی باری دەروونییە. ئیدراك ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکییە لە زەینی ئینساندا و، سۆز و عاتیفە ، کاردانەوەی دەروونیی مرۆڤە لە هەنبەر ئیدراکدا، پەیدا دەبێت... کەواتە مەعریفە، لە هەموو حاڵێکدا هەم هەڵگری ڕەگەزی ئیدراکیە وهەم هەڵگری ڕەگەزی عاتیفیە. دیارە هەندێجار عاتیفە بەسەر ئیدراکدا زاڵ دەبێ و هەندێجار بە پێچەوانەوە. مەعریفەش کە بە تەواوی بەرجەستەبوو و گەییە حاڵی سیستەماتیك ، سەر بۆ مەعریفەی زانستی یان هونەری دەکێشێت، واتە ئەگەر ڕەگەزی ئیدراك لە هاماجی ئاگاییدا زاڵ بێ، ئەوا مەعریفەی زانستی لێدەکەوێتەوەو، ئەگەر ڕەگەزی عاتیفی زاڵ بێ، مەعریفەی هونەری لێدەکەوێتەوە.. جۆرە مەعریفەیەکی دیکەش هەیە، کە ئەویش مەعریفەی فەلسەفییە، کە لە ڕاستیدا و بەحوکمی ئەوەی بایەخ بە هەردوو واقیعی بیڕۆنی و هندوری دەدات، بە هەوێن و ئامیانی هەردوو مەعریفەی زانستی و هونەری دێتە ژماردن. بە هەرحاڵ، هەر سێ مەعریفە زانستی، هونەری و فەلسەفیەکە، بێژی نەبێژی ڕەگ وریشەیان کەم وزۆر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتەوە سەریەك و بە ئاسانی لێکدی هاوێر ناکرێن.. چونکە لایەنی ئیدراکی و لایەنی عاتیفی بەڕێژەی کەمتر یان زیاتر لە هەر بوارێکی ئەو مەعریفانەدا هەن، بۆ نموونە لایەنی ئیدراکی لە زانستە ماتماتیکییەکاندا زاڵترە تا لە بوارە زانستییەکانی دی، یان لایەنی عاتیفی لە موسیقادا زیاترە تا لە بوارە هونەرییەکانی دی.

***

هەڵبەتە هەرجۆرە هونەرێك سەرچاوەو کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە و، وەکو چۆن شێوەکاری سوود لە بۆیە و ڕەنگ و فڵچە وەردەگرێت، وەکو چۆن هونەری پەیکەرسازی سوود لە گەچ و کانزا و کەرەستەی دیکە وەردگرێت، بەو ئاوایە کەرەستەی ئەدەبیات زمانە و، بە زمان ولە ناو زماندا بەرجەستە دەبێت و فۆرم وقاڵبی خۆی وەردەگرێت، واتە کەرەستەی ئەدەبیات زمانە... جا لە بەر ئەوەی زمان لە چاو ڕەنگ و بۆیە و گەچ و کانزا و کەرەستەێن سروشتیەوە، زندووترەو لە هزرەوە نزیکترە، دەشێت هەڵگری هەم لایەنی ئیدراکی و هەم لایەنی عاتیفی بێت. هەرکاتێ دەربڕینە ئەدەبییەکە، بە میتافۆر ، خەیاڵ ، تەنز، ئەفسانەسازی، جۆرەها سۆز و گوداز بارگاوی ببێت و زیاتر بایەخ بەلایەنە سایکۆلۆژیەکان و ڕاڤە وشرۆڤەی دەروون ودیوی ناوەوە بدات، تای تەرازووی هونەر قورستر دەبێت و، هەرکاتێ دەربڕینەکە زیاتر شەقڵی دەلالەتی و سەلماندن وەربگرێت، تای تەرازووی ئیدراکی و زانستی مەعریفە بەشەریەکە قورستر دەبێت.. زمان و هزر وبیر پەیوەندییەکی دوولایەنەیان هەیە، بەڕادەیەك تێکەڵ دەبن دەشێت بگوتریّ زمان، بیرێکی زندووە، زمان قاڵبی هزر وبیرە.. بە هەرحاڵ باندۆر و کاریگەری زمان بە سەر هزر و بیرەوە شتێك نییە نکۆڵی لێبکرێت و زمان خۆی لە خۆیدا کرۆك و جەوهەر وماهیەتێکی کەلتووری و فەرهەنگی هەیە وزمان خۆبەخۆ، بناغەی ئەپستمولۆجی وکەلتوور وفەرهەنگی گشتی هەر کۆمەڵگەیەکە وفاکتەرێکی هەرە سەرەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەر

کۆمەڵگەیەکە، هەڵبەتە زمان تەنیا ئەوزاری پەیوەندی نییە، بەڵکو دەزگا و سازییەکی ئیدارکی و عاتیفیشە، کۆکەرەوە و خاڵی یەکانگیری هەموو کایە ئەپستمولوجیەکانی زانست و فەلسەفە و هونەرە، دەزگای زمان بە ڕادەیەك گرینگە، دەتوانرێ بگوترێ، هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە، هەربۆیەش داگیرکەرانی کورد، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان زمانی کوردی کەرەتی سفر بکەن، ئەمە جگە لە خەمساردی خۆشمان!..

دیارە هونەر، لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە – مێژووییەکان بەدەر نییە و نابێت. توێژینەوە و زانینی گۆڕانکاریە هونەرییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، ڕۆڵێکی گەورە لە توێژینەوە و زانینی گۆڕانکارییە کەلتووری و فەرهەنگی و ژێرخانییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەبینێ. واتە هونەر بمانەوێ و نەمانەوێ پەیوەندییەکی نزیکی دەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە.. ئەو کەسانەی بانگەشەی « هونەر بۆ هونەر » دەکەن، باوەڕیان وایە هونەر نابێت هیچ ئالیگرییەکی سیاسی هەبێت وئەمانە بەو بۆچوونەی خۆیان، پەیوەندییە دیالکتیکییەکەی نێوان هونەرو کۆمەڵگە فەرامۆش دەکەن.. ئیدی هونەر بەگوێرەی پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا گۆڕانی بەسەردا دێت. ئیدی چ هونەرمەند و چ زانا هەردووکیان بایەخ بە گۆڕان و گۆڕینی واقیع دەدەن و لە پرۆسەی گۆڕان بەدەر نین. ئەگەر زانا لەبەر ڕۆشنایی واقیعی دەروونی ( هندووری ) واقیعی بێرونی کەشف دەکات، ئەوا هونەر لەبەر ڕۆشنایی واقیعی بیرۆنیدا واقیعی هندووری دەناسێنێ و کەشف دەکات.. واتە هەردووکیان عەوداڵی حەقیقەت دۆزین، ئەویان عەوداڵی حەقیقەتی زانستییە ئەمیان عەوداڵی حەقیقەتی هونەری یان ئیستاتیکییە..

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، زمان کەرەستەی سەرەکی هەر بەرهەمێکی ئەدەبییە.. دیارە زمان، خۆبەخۆ بریتی نییە لە کۆمەڵێك وشە و پەیڤی بێ سنوور و بێ کۆتایی، ئەوەی بێ سنوور وبێ کۆتاییە، مانایە نەك وشە، بۆیە میتافۆر وبەکاربردنی میتافۆری، زمان لە سنووورداری دەرباز دەکات.. میتافۆر وخوازە وخواستن، بریتییە لە بەکارهێنانی وشە بۆ مانا و مەبەستێکی دی.. جا بەم پێیە ولەم پێوەدانگەوە، گەورەترین و کاریگەرترین کاری میتافۆر و خواستن، دەکاتە داهێنان و ئەفراندنی زمانێکی تازە، کە تا کەلتوور و فەرهەنگ و شارستانیەتی بەشەری ئاڵۆزتر بێت، بەگوێرەی پێداویستیە حەیاتییەکان زیاتر پەنای دەبرێتێ و پتر سوودی لێوەردەگیرێت.. هەڵبەتە میتافۆر وخواستن، شیان و توانای دەرکی مە لە دنیای دەوروبەرمان و فامکردنی مە زۆر دەوڵەمەند دەکات . پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە میتافۆر وخواستن، لە ئەدەبیاتدا زیاتر بەکار دەبرێ تا لە کایە ئەپستمولوجیەکانی دیکە و، میتافۆر و خواستن تەنیا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگای ئیدراکی بەکار نایەت، بەڵکو بەمەبەستی دەربڕینی هەست و سۆز وچۆنیەتی ئیستاتیکای ئەدەبیش بەکار دەبرێت، یانی لەم حاڵەدا زمان لەوە دەرباز دەبێ کە ئەوزارێکی سادە بێت ودەبێت بە دەزگا و سازییەکی ئیدراکی و عاتیفی.. کەواتە زمان کۆمەڵێك پەیڤ و وشەێن دیاری کراوە، بەکۆمەکی میتافۆر و خواستن وخوازە، توانایەکی مانایی بێ سنوور پەیدا دەکات.

دیارە کە زمان پێش میتافۆرەو ڕەگەزێکی بونیادینی فەرهەنگی و شارستانییە. کەلتوور و شارستانیەت پوختە و کاکڵەی ژیانی کۆمەڵایەتیە و جیاوازیەکی سەرەکی نێوان ئینسان وحەیوانە. هەندێك پێیان وایە کە زمان ئاوێنەی واقیع نمای فەرهەنگ و کەلتوور و شارستانیەتە، بە هەموو چەمك و ماناکانیەوە. بەم پێیە ئەدەبیات وەکو دیاردەیەکی فەرهەنگی کەلتووری، ئاوێنەی ئەو دنیا و واقیعەیە کە تیایدا لەدایك بووە و ئەدەبیات پایە وبنەمایەکی کۆمەڵایەتیە و، لە ڕێگەی زمانەوە، کە ئەویش دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتیە، گوزارشت لە خۆی دەکات.. بۆیە هەندێك، بەرهەمی ئەدەبی، بە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی کۆمەڵایەتی نازانن بەڵکو بەجۆرە بەرهەمهێنانێکی کۆمەڵایەتی دەزانن. واتە بەرهەمی ئەدەبی، بە کۆمەکی هەندێ کەرەستەی خاوی وەکو زمان، دەقێن ئەدەبی دیکە و تەکنیکی تایبەتی، ئەو کەرەستە خاوانە دەگۆڕێ بۆ شتێکی تازە وقاڵبێکی تازەیان پێدەبەخشێت.. یانی لەم پێو دانگەوە بەڕای هەندێك لە خاوەن نەزەر و شارەزایان ناتوانرێ بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ تێکستی ئەدەبیدا بکرێ کە ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژووییە، چونکە زمان ناتوانێ جیهان بنوێنێتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانێ وەسفی جیهان بکات..

دیارە زمانیش دیاردەیەکی یەجگار ئاڵۆزە، بە گوێرەی واقیعی چینایەتی، جوگرافی، ناوچەیی، ڕەگەزی و نەژادی، پێگەی کۆمەڵایەتی و... هتد دەگۆڕێن. جا بەم پێیە ئەدەبیات ڕەنگدانەوەیەکی ڕووتی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نییە، بەڵکو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەخۆی بویەرێکی کۆمەڵایەتیە. ئەدەبیات هەر زادەی مێژوو نییە، بەڵکو چالاکانە بەشداری لە دروستکردنی مێژووشدا دەکات.. واتە ئەدەبیات تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو خودی واقیعە. هەڵبەتە بونیادی زمانەوانی لە باندۆر و کاریگەری بونیادی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی مێژوویی بەدەرنییە. بۆیە هەر توێژ وچینێکی کۆمەڵایەتی شێوازی گوزارشت و دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە، توێژەران پێیان وایە لایەنی کەمی ئەرکی ئەدەبیات سوودمەند بوون و لەزەت بەخشینە، ئەدەبیات و خوێندنەوەی ئەدەبیات تەنیا بۆ وەخت بەسەر بردن نییە، بەڵکو پەیامە، پەیامێکی جدیە، بۆ ناساندنی ئینسان بە خودی خۆی و زەروورەتی ڕژد بوونی لە سەر ئینسانیەتی خۆی بە هەموو ئەرك و مافەکانیەوە.. ئەمەش بۆخۆی جۆرە لەزەتێکی بەسوودە، کەوایە سوودمەندی و لەزەتی ئیستاتیکی دوو ڕووی یەك دراون.. هەندێجار هەندێ دەقی ئەدەبی ڕەنگە لە زۆر سەرچاوەی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، و مێژوویی ئاگایی و بێداری، زیاتر و واقیعی تر بەخوێنەر بدات. ماکسیم گورکی پێی وایە ئەدەبیات یارمەتی ئینسان دەدات تا خۆی باشتر بناسێت و متمانەی پتر بەخۆی پەیدا بکات. ئەدەبیات مەیلی حەقیقەت دۆزی و خەپتین دژی گەندەڵی لە بوونی خەڵکیدا بێدار دەکاتەوە، تا بتوانێت، خەسڵەتە باش و مرۆڤانیەکانی خۆی بدۆزێتەوە و بەدەست بێنێتەوە..

ئەدەبیاتی ڕەسەنی هەر سەردەمێك ڕەنگدانەوەی خولیا دەروونی وباری سایکۆلۆژی و هەوراز ونشێوە کۆمەڵایەتی – مێژووییەکانی ئەو سەردەمەیە... ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی جۆرە خەباتێکە لە پێناوی بەدەست هێنانی ئاگایی و گەیشتن بە حەقیقەت،





کەواتە بابەتی سەرەکی ئەدەب مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە... مرۆڤ بە تەبیعەت دەیەوێ ئەوە نەبێت کە هەیە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەو شتەبێ کە پێویستە ببێت. لە هەوڵی ئەوەدایە کەوشەنی ئەو واقیعە ببەزێنێت کە هەیە و بگات بە حەقیقەتی ئایدیال، بۆ ئەمەش دەبێ ڕەوش و بارودۆخە باو وبەرقەرارەکە بگۆڕێت. ئەدەبیات لە ڕێگەی دەربڕین وگوزارشتی ئیستاتیکیەوە کار بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی دەکات، بۆیە زۆرجار دەگوترێ لەڕێگەی دەقێن ڕەسەنی ئەدەبیەوە دەکرێ، مێژوو و هەلومەرج و ڕەوشی واقیعی ژیانی خەڵکی سەردەمێکی تایبەتی بخوێنرێتەوە، هەڵبەتە ئەم شێوە گوزارشت و دەربڕینە، خۆی لە خۆیدا کارێکی کۆمەڵناسانەیە.

بەکورتی کۆمەڵناسی ئەدەبیات، بەشێکی زانستییە کە جگە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەدەبیات کە بە توانا و ئیمکاناتێکی تایبەتیەوە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو سەردەم و دەورانە دەخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، کە بەرهەمە ئەدەبیەکەی تیا خوڵقێنراوە.

***

وەکو ئاماژەمان کردێ، زمان کەرەستە و ئەوزاری سەرەکی هەر دەق و ژانرێکی ئەدەبییە. بیر، چ لە ئەدەبیات دا و چ لە هەر گوتار و نووسینێکی دیکەدا، لە ڕێگەی زمانەوە دێتە دەربڕین و دەخرێتەڕوو و خودی زمانەکەش لە میانی ئەم پرۆسە و جەریانەدا نەش ونما دەکات، پەرە دەستێنێت و دەوڵەمەند دەبێت و دەخەمڵێت وپوختە دەبێت.

بە هەرحاڵ، فەرهەنگ وکەلتوور وشارستانیەت وئەپستمولوجیا، یەکێکە لەو دەسکەوتە بەشەریانەی کە دنیای بەشەری و حەیوانی لێکدی جیادەکاتەوە. هەوێن و ئامیان و ڕەگەزی هەرە سەرەکی و بناغەی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەکە. ئەدەبیاتیش لە هەر دوو لایەنی هزری و هونەرییەوە، بە ڕەگەزێکی گرینگی کەلتووری و فەرهەنگی، بەتایبەتی کەلتوور و فەرهەنگی مەعنەوی، دێتە ژماردن.. جا چونکە ماك و هەوینی سەرەکی ئەدەبیات زمانە، بۆیە ئاوێتەبوونی زمان و ئەدەبیات، شوێن وپێگەیەکی زۆر گەورەی لە فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە.. بە هەرحاڵ زمان داهێنانێکی ئەوەندە گرینگی ژیانی تیرەی بەشەرە ڕەنگە نەبێ بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ، هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە و تیرەی بەشەر، بە دەرەجەی یەکەم قەرزارباری زمانە... هەندێك لە زمانەوانە هاوچەرخەکان و تیۆریسێنە ئەدەبییەکان پێیانوایە زمان بە مانا فراوان و دەلالیەکانی زمان تەنیا لە کۆمەڵگادا، ئیدی لە خانەوادەوە بیگرە تا دەگاتە کۆمەڵگە بەشەرییەکان، پەیدا دەبێت ،واتە گرووپێکی جڤاکی دەتوانێ نیشانە و ڕەمز و دەلالەت بە زمان ببەخشێت. تاك دەتوانێ هەندێ دەنگی بێ مانا بەرهەم بێنێ، بەڵام ئەو دەنگانە تا لە بازنەی تاکایەتیدا بمێنێتەوە، مانایەکی ئەوتۆیان نابێ و بەڕەمز و نیشانە نایەنە ژماردن. واتە نیشانە و ڕەمز لە تاکایەتی وتەنیاییدا بەرهەم نایەن و تەنیا لە واقیع و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، سیستەمی زمانەوانی پەیدا دەبێت و بەرهەم دێت، واتە زمان لە گەڵ کۆمەڵگەداو لە ناو کۆمەڵگەدا پەیدا بووە و پەیدا دەبێت. زمان، پراکتیکی ترین ئەوزارە بۆ گوێزانەوەی ئەزموونە جۆراوجۆرە هزری و کردەییەکان و کارامەترین ئەوزارە بۆ بەرخورد و مامەڵەکردن دەگەڵ دەوروبەردا، دەگەڵ سروشتی بێ گیان، گیانداران و دەگەڵ بەشەردا. کەواتە وشە بەتەنیا و لەخودی خۆیدا ناکاتە هیچ، بەڵکو لە بەکارهێناندا بایەخ و ڕەمزییەت و دەلالەت پەیدا دەکات.. بۆیە زۆرجار دەگوترێ زمان و هزر دوو ڕووی یەك دراون، نە زمانی بێ هزر هەیە و نە هزری بێ زمان هەیە... یان زمان سێبەری بیرە. هەڵبەتە زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیاتە، وەکو چۆن بەرد و برۆنز کەرەستەی خاوی پەیکەر سازییە، ڕەنگ کەرەستەی نیگارکێشیە، دەنگ کەرەستەی موزیقایە.. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە زمان وەکو بەرد، برۆنز و ئەو جۆرە شتانە، خۆڕسك و سروشتی نییە، بەڵکو دەستکردی بەشەرە و ڕەگەزی بنەڕەتی کەلتوور و فەرهەنگە. هەڵبەتە زمانی کایە ئەپستمولوجی و مەعریفییەکان جیاوازن، بۆ نموونە زمانی ئەدەبی، زمانی ڕۆژانە و ،زمانی زانستی جیاوازن و هەر یەکێك لەو زمانانە تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە زمانی زانستی بەشێوەیەکی سەرەکی دەلالەتی و نیشانەییە، بەڵام زمانی ئەدەبی مەرج نییە دەلالەتی بێ، بەڵکو دەربڕینی حاڵەت و بارە دەروونیەکانیش لە خۆ دەگرێت. زمانی ئەدەبی زیاتر گێڕانەوەییە، زیاتر بە گێڕانەوە بارگاوییە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بگوترێ بنیادەم دەکاتە زمان و زمان دەکاتە کۆمەڵگە. واتا وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ ئەدەبیات ڕەگەزێکی هەرە گرینگ و هەستیاری فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگەیە و زمانیش بەردی بناغە و ماکی فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگەیە و ئەوزارێکی هەرە سەرەکی پەیوەندی نێوان بەشەرانە..

***

هەڵبەتە پەیوەندییەکی دینامیکی و ئۆرگانیکی چالاك لە نێوان دەقی ئەدەبی، نووسەر و خوێنەردا هەیە و، ئامانجی کاری ئەدەبی ئەوەیە کە خوێنەر بکات بە شەریکی بەرهەمهێنانی دەق نەك بە بەکاربەری دەق. دیارە گوتاری نووسراو یان دەق لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت وئیدی خۆیبوونی خۆی وەردەگرێت وپەیوەندی بە نووسەرەوە نامێنێ و بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە تووشی دەبێت بەتووشی خوێنەرانی زۆر وهەمە جۆرەوە... بۆیە دەقی ئەدەبی، کە بڵاو دەبێتەوە، لە نووسەر دادەبڕیت وپەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات. زندوویەتی دەق بە خوێنەرەوەو دەق تەنیا لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ولە میانی ئەزموونی خوێندنەوەی خوێنەرا، مادییەت و دەقایەتی پەیدا دەکات، دەنا لە ناو ڕەفەی کتێبخاناندا، ناکاتە هیچ و بۆیە دەقی ئەدەبی بەبێ خوێنەر و لە دەرێی خوێنەردا تەنیا ڕەش کردنەوەی پەڕانە و هیچ بایەخێکی ئەدەبی نابێت. واتە بەبێ ئەم بەشدارییە ئۆرگانیکیە زندوو و بەردەوامەی خوێنەر هیچ جۆرە ئەدەبیەتێك نایەتە دی.. ڕاستە خوێنەر ئازادە لە خوێندنەوە و ڕاڤەی دەقدا، بەڵام بەو ڕادەیە ئازاد نییە کە بە کەیف و مایەشای خۆی، بەکەیفی دڵی خۆی دەقەکە ڕاڤە بکات و هەرچیەکی بوێ لە دەرێی دەقەکەوە بیهێنێ و بە نەهەق لە دەقەکەی بار بکات و بە ئیلتیزاماتێکی ئایدۆلۆژی نەگۆڕ و حوکمێکی پێشوەختەوە مامەڵە و بەرخورد دەگەڵ دەقدا بکات، خوێنەری چاك دەبێ خوێنەرێکی لیبراڵ بێ، چەند لە ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقدا ئازادە، دەبێ ئەوەندەش نەرم بێ کە بتوانێ خۆی بگۆڕێت و دەستبەرداری هەر ئیلتیزاماتێکی ئایدۆلۆژی پێشوەختە بێت ، ڕاڤەو شرۆڤەکەی لە خودی دەقەکەوەو لە هندووری دەقەکەوە هەڵەنجێت وخوێندنەوەو ڕاڤەکەی لە لای خەڵکی دیکەش قەناعەت بەخش بێت.. بەتایبەتی

دەقێك كە كراوە بێت و جۆرەها خوێندنەوە هەڵبگرێت.. بۆیە خوێندنەوە تەنیا كەشفكردن و دۆزینەوەی مانای دەق نییە، بەڵكو كاریگەری و باندۆری دەقیشە لە سەر خوێنەر. واتە لێرەدا ئەو « مەرگی نووسەر «ەی كە ڕۆڵان پارت باسی دەكات، هاوكاتە دەگەڵ لەدایكبوونی خوێنەردا. جا لێرەدا دەق خۆبەخۆ ( بەدەر لە باندۆر و كاریگەری نووسەر ) دەبێت بە وار و زەمینەی نەشونمای مانایان، هەر خوێندنەوەیەك، نهێنیەكی تازەی دەق كەشف دەكات، بۆیە خوێندنەوەی دەق، هیچ كاتێك لە كۆتایی نایەت، بە تایبەتی خوێندنەوەی دەقی كراوە، كە خۆی لە خۆیدا، خەسڵەتی فرە دەنگی بەسەردا زاڵە.. و ئەدەبیات بە شێوەیەكی گشتی وەكو ڕەگەزێكی كەلتوور و شارستانیەت و فەرهەنگی كۆمەڵگەێن بەشەری، دەستكەوتێكی كۆمەڵایەتییە كە كەرەستە سەرەكییەكەی زمانە، لێرەدا زمان و وشە دەكاتە قاوغ و قاڵبی بیر وهزر وهەر وشەیەك هەڵگری چەمكێكە كە زەینیەتی هاوبەشی خەڵكی كۆمەڵگەیەك بە كۆمەكی ئەو چەمكانە پەیوەندی دەگەڵ یەكدا پەیدا دەكەن.. هەڵبەتە سەبارەت بە زمان، كە دەگوترێ هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە، هیچ ناكاتە زێدەگۆیی و تەنانەت خەیالیش وەكو بەشێكی گرینگ لە بونیادی هزرەوانی و هزرینی ئینسان بە جۆرێ ئاوێتەی زمانە، مەگەر بەتەنیا لە دنیای ئەپستراكتدا جیا بكرێنەوە، دەنا جیاكردنەوەیان مەیلەو مەحاڵ و مەحاڵە.. دیارە زمان تەنیا كۆمەڵێك وشە و نیشانەی ڕووت نییە، چونكە وشە لە ڕووی ژمارەوە لە هەموو زمانێكا سنووردارە، ئەوەی دەوڵەمەندی و بەرینی و بێ سنووری بە زمان دەبەخشێت واتایە.

واتە زمان لە بەكارهێنانا و بەهۆی میتافۆر و كینایە و لە ناو هونەرە ڕەوانبێژییەكاندا نەش ونما و گەشە ونەشە دەكات و تا ڕادەی بێ سنووری پەرە دەسەنێت... ئیدی خەیاڵ وەكو بەشێك لە هزر، بە كۆمەكی وێنا و ڕەمز ومیتافۆر وكینایە و دركە و، هونەرە ڕەوانبێژیەكان، بە تایبەتی كاریگەری و باندۆری خۆی لە هونەرا بە گشتی و لە ئەدەبیات بە تایبەتی دەنوێنێ و بەرجەستە دەكات.. بۆیە زمان تەنیا ئەوزارێكی پەیوەندی سادە نییە، بەڵكو هەڵگری خەون وخولیا ئەقڵی و عاتیفییە ئاڵۆزەكانی ئینسانە.. هەروەها زمان كۆمەڵێك وشەی سنووردار نییە، بەڵكو پەیوەندییەكی لە جیابوونەوە نەهاتگی ئەوتۆی دەگەڵ هزر و هزرینی ئینساندا هەیە.. كە هەندێك لە زانایان لە واری شرۆڤەی پەیوەندییەكانی نێوان زمان و ئەندێشەدا، گەیوونەتە ئەو ئەنجامگیرییەی كە ئێمەی بەشەر هێندەی بە وێنەی زهنی بیر دەكەینەوە بە وشە بیر ناكەینەوە.. واتە بەم پێیە وشە دەكاتە جۆرە ڕەمزێك وئیدی بە كۆمەكی ڕەمزكاری و میتافۆر توانای گوزارشتەوانی زمان یەجگار دەوڵەمەند دەبێت و لە ڕێگەی میتافۆرەوە ڕێگەی گۆڕان و پەرەسەندن لە بەردەم زماندا دەكرێتەوە.

***

جا لێرەدا مەسەلەی فۆرم و ناوەڕۆك دێتە ئاراوە، هەڵبەتە جیاكردنەوە و هەوڵی جیاكردنەوەی ئەم دووانە لە دەقێكی ئەدەبی یان هونەریدا كارێكی بێهودە و نابەجێیە. چونكە زمان (قاڵبی گوتار) و هزر (ناوەڕۆكی گوتار ) بەجۆرێ ئاوێتەی یەكدی بوون و لە پەیوەندییەكی دیالیكتیكی وەهادان كە هیچ سنوورێكیان لە نێواندا نییە و جیاكردنەوەیان هیچ مانایەكی نییە. ئەمە جگە لەوەی كە هزر وخەیاڵ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شەقڵ و ئاراستە و بونیادێكی كۆمەڵایەتی هەیە وبۆ ئەوەی دەربكەوێ و بەرجەستە ببێت، دەبێت لە قاڵبێكا بێتە داڕشتن، واتە دەبێت بێتە زمان و، شێواز پەیوەندی بە چیەتی بابەتەوە، واتە چ بابەتێك دەخاتەڕوو، نییە، بەڵكو پەیوەندی بە چۆنیەتی وتنی بابەتەوە هەیە.. واتە لە شێوازدا گۆڕینی بابەت بۆ تیمە وناوەڕۆك مەبەستە.. واتە شێواز دەكاتە دەنگ ودەنگدانەوەی زەینی نووسەر. هەڵبەتە هەندێك لە پسپۆڕان و شارەزایانی واری ئەدەبیات قەناعەتیان وایە كە پەیوەندییەكی دیالكتیكی ئەوتۆ لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆكدا هەیە، كە هیچیان بەبێ ئەوی دی نایەتە دی.. یانی دوو ڕووی یەك دراون، هەر ڕوویەكیان بسڕیتەوە، دراوەكە لە دراوی و لە ڕەواج دەكەوێت.. واتە لێرەدا فۆرم دالەو ناوەڕۆك مەدلوولە.. بەڵام هەندێكی دی پێیان وایە دەق زنجیرەیەك نیشانەیە كە مانا بەرهەم دێنێت . ئیدی خوێنەر خۆبەخۆ دەورو ورۆڵی ڕاڤەكار دەبینێ، ئیدی دەقی ئەدەبی چ ڕیالیستی، چ ناڕیالیستی، ئیمكانی بەرهەم هێنانی بەردەوامی مانا فەراهەم دەكات، ئەنجام خوێنەر ڕۆڵی ڕاڤەكار دەبینێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەخوازێ كە دەق و خوێنەر لە كارلێكی جدیدا بن.. هەڵبەتە هەرمان و زندوویەتی دەقی ڕەسەن و باڵا لەوەدایە كە لە هەركات و شوێنێكا خوێندنەوەو ڕاڤەی تازەو جیاواز هەڵدەگرێت...


بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
*- زانستی ئاوەڵ واتا، دانانی د. كامل حەسەن عزیز البصیر، ئەندامی كۆڕی زانیاری عێراق، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨١.
*- كندوكاوی در جامعەشناسی ادبیات، فرهنگ ارشاد، چاپ یكم، ١٣٩١ ، تهران، آگە.
*- محمد رضا شفیعی كدكنی، ادبیات فارسی از عصر جامی تا عصر ما، ترجمه حجت الله اصیل، نشر نی، چاپ هفتم، تهران ١٣٩٨.
*- زبان باز، پژوهشی دربارەی زبان و مدرنیت، داریوش آشوری، نشر مركز، تهران، چاپ سوم ١٣٨٩.
*- ساخت زبان فارسی، احمد ابومحبوب، تهران، نشر میترا، چاپ دوم، ١٣٨١.
*- ماركسیسم غربی و مكتب فرانكفورت، ترجمه رضا نجف زاده، تهران، قصیده سرا، چاپ اول ١٣٨١.
*- علی الشوك، جولة فی اقالیم اللغة و الاسطوره، دار المدی، ط٢، ١٩٩٩.
*- جورج مولینیه، الاسلوبیه، ترجمه و تقدیم، د. بسام بركه، ط٢، ٢٠٠٦، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع.






# ڕۆژنامەگەریی مۆبایل.. تێڕوانینێكی نوێی ڕاگەیاندن


**موجاهید حوسێن نەعناع**
**وەرگێڕانی: رابەر رەشید**


مۆبایل، یاخود تەلیفۆنی دەستی، بۆ یەكەم جار لە كاری ڕۆژنامەوانی لە میانی كۆمەڵە وێنەیەكی ڕۆژنامەگەرییەوە بوو كە «سێی گلیبەرت» یەكێك لە وێنەگرانی گۆڤاری تایمزی بەریتانی لە ٧ی یەنایەری ١٩٩٥ لە ناو فڕۆكەوە گرتبوونی، لەو كاتەی فڕۆكەكە لە بەرزایی ١٣٧ هەزار پێو دووری ٢٠٠ میل لە كەناراوەكەدا بوو، بەڵام وێنەگرەكە توانی لە ناو فڕۆكەكەوە وێنەكە بۆ بارەگای ڕۆژنامەكەی بنێرێت. بەمەش گۆڤاری تایمز یەكەم دەزگا بوو كە توانی تەكنیكی مۆبایلی بۆ بڵاوكردنەوەی یەكێك لەو وێنانە لە هەمان ڕۆژدا بڵاو بكاتەوە. هەندێكی دیكە هەن سەرەتاو دەستپێكی دەركەوتنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای بەكارهێنانی ناوەڕۆكی تۆماركردنی ڕاگەیاندن بە مۆبایل لەگەڵ سەرەتای داگیركردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن ئەمەریكاوە. بە جۆرێك كە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ بۆ یەكەم جار وێنەیەكی بە مۆبایل گیراوی كڕیو لە لاپەڕەی یەكەمی ڕۆژنامەكەدا بڵاوی كردەوە. هەروەها ئەو گرتە وێنانەی بە مۆبایل گیرابوونو تایبەت بوون بە تەقینەوەكانی مەدرید لە ساڵی ٢٠٠٤و ڕووماڵكردنی زەمین لەرزەی سۆنامی. لووتكەی ئەو شێوەیەش لە بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن لە میانی تەقینەوەكانی لەندەنی ساڵی ٢٠٠٥ بوو. لە هەمان ساڵیش ڕۆژنامەگەریی هەواڵی لە ویلایەتی فلۆریدا زاراوەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلی بەكارهێنا. هەروەها ئاژانسی ڕۆیتەرز بە پێشەنگی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نوێیە دادەنرێت، چونكە ئەم ئاژانسە هەموو ئامرازو پێداویستییەكانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلی لە ساڵی ٢٠٠٧ خستبووە بەر دەستی ڕۆژنامەنووسەكانی. ئەمەو بۆ یەكەم جاریش سەكۆیەكی فەرمی بۆ فێركردنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلو كارپێكردنی لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٥ پێكهات.

**تایبەتمەندییەكانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل:**

ڕۆژنامەگەریی مۆبایل كۆمەڵە تایبەتمەندییەكی بەرچاو و دیاری هەیە، دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

- یەكسەریو دەمودەستی (الفوریە): لە میانی ناردنی هەواڵەكان، یان داتاكانو دیكۆمێنت كردنیانو خێرایی لە ئامادەكردنو هەناردنی ڕاپۆرتو بابەتی هەواڵو پەخشكردنی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.
- كارلێكی (التفاعلیە): ڕۆژنامەگەریی مۆبایل زیاترینی ئەو شێوازە ڕاگەیاندنانەیە كە لەلایەن جەماوەرەوە كارلێكی هەیە، ئەوەش لە میانی بەشداریكردنی بیرۆكەو تێڕامانەكان.
- كەمی تێچوو (قلە التكلفە): دەكرێ لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەكو مایكرۆفۆنێكی دەرەكیو سێ پایەیەكو جێبەجێكردنی تۆمارێكی ڤیدیۆیی پیشەگەریانەوە گرتە ڤیدیۆیەكی نایاب بۆ تەلەفزیۆن بەرهەم بهێنرێت، ئەم كارە زۆر لە كاری كامیرای پەخشی ئاسایی هەرزانترە.
- بە توانایی (التمكن): مۆبایلەكەت وات لێ دەكات توانات بە سەر تێكڕای لایەنەكانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەنووسیدا زاڵ بێت.
- هەموو هاووڵاتییەك توێژەرو سەرچاوەیەكی زانیارییەكانە: هەر كەسێك دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەكی زانیاریو هەواڵەكان (نووسەرو تۆماركار، ئەوانەی سەرقاڵی خوێندنەوەی لاپەڕەكانی ئینتەرنێتن، هاووڵاتییان، ڕۆژنامەنووسانو... تاد).
- سیاسەتێكی نووسینی جیاواز: ڕۆژنامەگەریی مۆبایل پشت بە سیاسەتی نووسینی تایبەت دەبەستێت، ئەو هەواڵانەی بڵاو دەكرێنەوە دەبێ وردو ڕاست بنو پەیوەندییان بە ڕووداوە بابەتییەكانەوە هەبێتو زۆرترین پێشینەییشیان هەبێت.

ئەو خزمەتگوزارییانەی مۆبایل بۆ كاری ڕاگەیاندن دابینی دەكات:

مۆبایلی زیرەك لە كاتی بەرهەمهێنانی چیرۆكێكی هەمەڕەنگی ڕاگەیاندن چەندین خزمەتگوزاری پێشكەش بە ڕۆژنامەنووس دەكات، لەوانەش:

- خزمەتگوزاریی گەڕان بە دوای زانیارییدا: ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووس گرنگە، بایەخ بە پەرەپێدانی تواناو كارامەییە پەیدۆزییەكانی خۆیو بەكارهێنانی مۆبایل بدات، وەكو ئامرازێك بۆ گەڕانی زۆر خێرا بە دوای سەرچاوە هەمەجۆرەكانی زانیاریدا بەكاریدەهێنێت، چونكە بە بەشێكی گرنگو بنەڕەتی لە سەركەوتنی ڕۆژنامەنووسو دەزگای ڕاگەیاندن دادەنرێت.




• خزمەتگوزاریی گواستنەوەی بابەتی راگەیاندن: ئامرازەکانی راگەیاندن لە پەخشکردنو گواستنەوەی بابەتەکانی پشت بە چەندین تەکنیکی جۆراوجۆرو جیاواز دەبەستێت، کە مۆبایلە زیرەکەکان ئەو تەکنیکانە لەخۆدەگرنو بریتین لە تەکنیکەکانی پیشاندانی وێنەو دەقو دەنگو ڤیدیۆ، ئەم لایەنە باشانەی مۆبایلی زیرەکیش وای لە رۆژنامەنووسان کردووە لە بەرهەمهێنانی چیرۆکە هەواڵ بیخەنەگەڕو بەکاری بهێنن.

• خزمەتگوزاریی رووماڵکردنی راگەیاندن: مۆبایلە زیرەکەکان بە بێ ماندووبوونێکی ئەوتۆ، دەرفەتی گواستنەوەی رووداوەکان لە شوێنی رووداننیانەوە دەڕەخسێنن، پاشانیش چارەسەرکردنو شیکردنەوەو نووسینی بابەتەکە بە هەمان ئامێر، ئەمەش پێی دەگوترێت رووماڵکردنی راگەیاندن کە مۆبایل پێشکەشی دەکات، لەگەڵ توانای عەمبارکردنو دووبارە گەڕاندنەوەی لە هەر کاتێکو لە رێگەی تۆڕە هەژمارییە جیاوازەکانەوە.

**داهێنانی رۆژنامەگەریانە بە بەکارهێنانی مۆبایل:**

مۆبایلە زیرەکەکانو تەکنیکە نوێو پەرەسەندووەکان، رۆڵێکی کاراو کاریگەر لە پەرەپێدانی داهێنانی رۆژنامەگەریانە لای رۆژنامەنووس، یان راگەیاندنکار دەگێڕن، ئەوەش لە میانی توانای رۆژنامەنووس لە پەیوەندیکردنو راگەیاندنو هەڵسوکەوتی ئازادیی راوبۆچوونو دەربڕینەوە.

هەروەها یارمەتیی رۆژنامەنووس دەداتو لە ئەرکی وێنەگرتنی فۆتۆگرافیو ڤیدیۆیی هەموو رووداوەکانو پرسە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئەوانیتر ئاسانکاری بۆ دەکات، ئەوەش بە هۆی توانا پیادەکارییە پەرەسەندووەکانی کامیرای مۆبایلە زیرەکەکانەوە، وەکو بەرنامەکانی چارەسەرکردنو دەستکاری کردنی وێنەکان، بەرنامەی مۆنتاژ، بزوێنەری گەڕانی پەرەسەندوو و ئەو پێگەو ماڵپەڕانەی لە سەردەمی ئێستادا لە کێبڕکێدان، کۆی ئەمانە وای لە رۆژنامەنووس کردووە، گەشە بە ئاستی خۆیانو بیرۆکەو بۆچوونەکانیانو پەرەپێدانی ئەفراندنی نوێیان بدەن.

بۆیە –لە ئێستادا- مۆبایل بۆتە ئامرازێکی سەرسووڕهێنەر بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکو بابەتی راگەیاندنو دەزگایەکی تەواو بۆ دروستکردنی هەواڵ، ئەمەش وای لە رۆژنامەنووسانو دەزگاکانی راگەیاندن کردووە، مەشقو راهێنان لەسەر باشترین بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك بکەنو لەگەڵ کاتیش لە پێشبڕکێدا بن بۆ گەیاندنی وێنەو هەواڵ بە ئاستێکی پیشەگەریانەو بە ئاسانترین رێگاش.

سەرچاوە: https://jawak.com





# کوردو رۆشنخوازی

٧

## «کورد کەوتۆتە بن کاریگەریی هەر سێ پرۆژەی ڕۆشنخوازانەی تورك و فارس و عەرەبەوە»



تاریق کارێزی

دەستەبژێری ڕۆشنخواز، ئەوانەی لە دنیای ڕۆشنخوازیدا مەعریفە دەکەن بە کەرەستەی کارکردن (نموونەی حوزنی و گیوی موکریانی، پیرەمێرد، محەمەدەمین عەسری)، بە دڵنیاییەوە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە تاودانی کاروانی ڕۆشنخوازانەی کورد و کرانەوەی نەتەوەکەیان بەرەو ڕووی شارستانیەتی سەردەمدا هەبوو، ئەو تاقمە لە گەورە ڕۆشنخوازانی کورد لە پێناو ئامانجی ڕۆشنخوازانەی خۆیان، سەرکێشییان کردووە، قوربانیی گەورەیان داوە. یەکێکی وەك حوزنی موکریانی، مەهابادی ژێر دەسەڵاتی قاجاری جێهێشتووە، لە ساڵی ١٩١٧دا چاپخانەی لە ئەڵمانیاوە هێناوەتە ڕۆژاوای کوردستان، پاشان چاپخانەکەی لە حەلەبەوە بەرەو ڕەواندز دێرین پایتەختی دەوڵەتی سۆران لە باشووری کوردستان گواستووەتەوە. ئا لەو شوێنە ئەستەم و عاسێیەی کوردستاندا، لە قووڵایی وڵاتی کوردەواریدا گۆڤاری دەرکردووە. ڕەنگدانەوەی دەرچوونی (زاری کرمانجی) هاوتەریب بوو لەگەڵ یادەوەری نەوەکانی خەڵکی ڕەواندز و تەواوی دەڤەرەکە، ئەو یادەوەرییەی تەژی بووە لە شکۆی دەسەڵاتی خۆماڵی کە سەردەمانێك بانگی ناسنامە نواندن و بەرجەستە کردنی شارستانیەتێکی دەکرد، بە کردەنیش ئەو ناسنامە و شارستانیەتە خۆجێییەی جودا لە ناسنامە و شارستانیەتی عوسمانی و قاجار و لە نێوان هەردوو دەوڵەتە زەبەلاحەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە گەشە و خۆ نواندنێکی جودا و خۆجێیی و دانسقەدا بوو. کاریگەریی پرۆژەکەی حوزەنی کە پاشان گیوی برای دەیگرێتە دەست و درێژەی پێ دەدات، زۆر گەش و ڕوون ئەمڕۆ لە باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەدی دەکرێت، هۆشیارییەکی گەش و گەڕانێکی هۆشمەندانە بە دوای ناسنامەی پەیوەست بە نەژاد و جوگرافیا لە تەواوی ئەو شوێنانەی چاپەمەنیی (چاپخانەی کوردستان)یان پێ دەگەیشت، زۆر ڕوون بەدی دەکرێت.

ئەگەر بچینە لای پیرەمێرد، بۆمان دەردەکەوێت هەر زوو ئەو زاتە ملی بۆ توانەوە لە نێو کولتووری عوسمانی نەداوە، بە ویستی خۆی و هۆشیارییەکی زۆرەوە لە ئەنادۆڵەوە بەرەو زێدی خۆی گەڕاوەتەوە، هەمان ڕێچکەی حوزنی موکریانیی هەڵبژاردووە، چاپخانەی کردووە بە ناوەندێکی ڕۆشنخوازانە، بۆ دەیان ساڵ درێژەی بە دەرکردنی ڕۆژنامە داوە، لەوە حاڵی بووە کە زانین و زانست چراوگی ڕۆشنخوازین، ئەوان کرۆکی هەر بزاوتێکن بە ئاراستەی تاودانی کۆمەڵ بەرەو دنیای ڕۆشنخوازی. بە دڵنیاییەوە لە ڕووی کولتوورەوە، پرۆژەی ڕۆشنخوازانەی پیرەمێرد تەواوکەری پرۆژەکەی سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی)یە. بەوەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پیرەمێرد بە هۆشیارییەوە هەنگاوی بەرەو ڕۆشنخوازی هاویشتووە، کە بە زمانی خەڵك هاتووەتە دەست، ڕۆژنامەی دەرکردووە، لە پاڵ ئەوەشدا، پەندی پێشینان کە هەڵقوڵاوی ئەزموونی سەدان و هەزاران ساڵەی نەتەوەیە، کردوویە بە کەرەستەی شیعر، هەر بەو کەرەستەیەش هزر و هۆشی خەڵکی دواندووە و بە جۆشی هێناون. واتە نزیکتر لە هەست و خولیای خەڵك و هەر بە کولتووری میللی و زارەکیی خەڵك، پرۆژەکەی خستووەتە ڕوو، مشتومال و دەوڵەمەندی کردووە. جگە لەوە، پیرەمێرد وەك ڕۆشنخوازێکی مەزن، بەرەو کولتوور و میراتی نەتەوە گەڕاوەتەوە، زیندووکردنەوە و زیاتر جۆشدانی جەژنی نەورۆز و مەراسیمەکەی، نیشانەی پەی بردنی پیرەمێرد بووە بە قووڵایی کەسایەتیی مرۆڤی کوردستانی و ناسنامەی کورد- کوردستانی. باوەڕم وایە جێدەستی تەواوکارانەی پیرەمێرد بەوەی ئەمڕۆ سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستانە، زۆر دیار و کاریگەرە.

سێیەمین نموونەی گەورە ڕۆشنخوازانی کوردستان لە کەرکوکدایە. محەمەدەمین عەسری بە هەمان شێوەی حوزنی و پیرەمێرد چاپخانە و چاپەمەنیی بە باشترین کەرەستەی ڕۆشنخوازی زانیوە. تایبەتمەندیی محەمەدەمین عەسری لە ڕووی ڕۆشنخوازییەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە دەستی بۆ وەرگێڕان بردووە، بەربڵاوتر کاری ڕۆشنخوازانەی کردووە. لەم هەنگاوە هەستیارەی عەسریدا، ژینگەی فرە کولتووری کەرکوك زەمینەیەکی زۆر لەبار و هاوکار بووە. کەسانی توانا لە زمانی کوردی و زمانی گەلانی

دراوسێی کوردی بانگ کردووە، هەڵبژاردەیەك لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بکەن بە کوردی و ئەویش لە (چاپخانەی تەرەقی)دا چاپی کردوون. عەسری بەم هەنگاوەی، لە پیرەمێرد زیاتر لە خەڵك و عەوام نزیك بووەتەوە، ئەو کتێبانەی ئەو چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، بە لای کەمەوە لە دوو پارچەی (باشوور و ڕۆژهەڵات)ی کوردستاندا چوونەتە زۆربەی ماڵانی کوردستانیان لە گوند و شاردا. ئەم هەنگاوەی عەسری ئاسایی نەبووە، بەڵکوو زۆر کاریگەر و کارا بووە لە هێنانی خەڵك بەرەو دنیای زانین و کارکردن بە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی کولتووری خوێندنەوە لە نێو خەڵکدا. چاپخانەی کوردستان بە سەرپەرشتیی حوزنی، پاشان گیوی برای، سەرقافڵەی پاراستن و بە زیندوو مانەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد بوو. ئاخر دیوانی بەشێکی زۆر و کاریگەر لە شاعیرانی کلاسیکی کورد لە چاپخانەی کوردستانەوە کەوتنە بەر ڕۆشنایی چاپ و بڵاوبوونەوە. پیرەمێرد ڕۆژنامەی کردە چاوگی زانین و خۆراکی خەڵك، پەندی پێشینان و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و دنیابینیی نەتەوەیەکی کردە کەرەستەی باوی نێو نەوەی نوێ، محەمەدەمین عەسری کە لە ئەستەنبووڵ و چەند گەورە شارێکی عەرەبەوە کتێبی بەرەو کەرکوك دەهێنا، بە هەردوو پرۆژەکەی جووتە برای موکریانی و پیرەمێردیش ئاشنا بوو، ئامانجی ئەوە بوو، پرۆژەیەکی تەواوکەری هەردوو پرۆژەکەی ئەوان بەجێ بگەیەنێت، لەمەشدا زۆر سەرکەوتوو بوو، بە تەواوی ئامانجی پێکا، کتێب بوو بە هاوڕێی گەلێك مرۆڤی کوردستانی و چووە نێو ماڵی ڕێژەیەکی زۆر لە کوردستانیان.



بیرەمێرد


حوسێن حوزنی موکریانی

**سێبەری ڕۆشنخوازانەی ئەوی دی**

کوردستان بە وڵاتی چەندین نەتەوە دەورە دراوە، واتە چەندین نەتەوە دراوسێی کوردستان و نەتەوەی کوردن. فارس، عەرەب، تورك، گورجی، ئەرمەن و ئازەر، ئەو نەتەوانەن کە دراوسێی کوردن. لە نێو هەموو نەتەوەکانی دراوسێی کورددا، هەر سێ نەتەوەی تورك، عەرەب و فارس کاریگەریی زیاتریان بەسەر زۆربەی کایەکانی ژیانی کوردەوە هەیە، چونکە هەر یەك لەو سێ نەتەوەیە بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، ڕاستەوخۆ لە هەموو کایەیەکی ژیاندا سێبەری کاریگەرییان بەسەر ژیانی کوردەوە کشاوە. لەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا کەوتووە و هێشتا لە بن کاریگەریی





ئەو سێ نەتەوەیەدایە، کارێکە هیچ دەرەتانێکی تێدا نییە. دەکرێ بابەتەکە ورد بکەینەوە.
ڕۆشنخوازی لە لای هەر سێ نەتەوەی باڵادەست بەسەر کوردستانەوە، بابەتێکی هەستیار و گەرم بووە. ئەوان کە تەخت و دەسەڵات و پایتەختیان هەیە، بە دڵنیاییەوە بە توانای دەوڵەت و بە پلان و بەرنامە کاریان بۆ ڕۆشنخوازی کردووە. بەدەر لە جەمسەر و دەزگا و ناوەندەکانی ڕۆشنخوازی، ئەوانەی لە لای گەلێکی ژێردەست و بەدەر لە سەروەریی وەك کورد، بەردەست نین، هەر سێ نەتەوەی تورك و فارس و عەرەب توانای دەوڵەتیشیان بۆ جۆش دانی بزاڤی ڕۆشنخوازی لە پشتە و لە بەر دەستدایە. ئەمە وای کردووە تەوژمی کارکردن بۆ بەدی هێنانی ڕۆشنخوازی لە لای ئەوان زۆر بە تاو و تینتر بێت. واتە ڕۆشنخوازی وەك پرۆژەی دەوڵەت نەخشە و کاری بۆ کراوە، بڕست و توانای حوکمەت بۆ بە ئاکام گەیاندنی ڕۆشنخوازی وەك بۆ ئەو سێ نەتەوەیە بەردەستە، بۆ کورد دەستەبەر و بەردەست نەبووە و تا ئێستاش هەر نییە. بۆیە ئەوان بە توانایەکی زۆر زیاتر لە کورد کاریان بۆ بەدی هێنان و بە ئاکام گەیاندنی ڕۆشنخوازی کردووە. سێبەری ئەو ڕۆشنخوازییەی ئەوانیش (بە ئەرێنی و نەرێنی) بەسەر کورددا کشاوە. هەڵبەت کوردی هەر پارچەیە پتر کەوتووەتە بەر سێبەری ڕۆشنخوازانەی نەتەوەی سەردەستە بەسەر ئەو پارچەیەوە. واتە لە یەك کاتدا، کورد کەوتووەتە بن کاریگەریی هەر سێ پرۆژەی ڕۆشنخوازانەی تورك و فارس و عەرەبەوە. ئەمەش شرۆڤە و خوێندنەوەی ورد هەڵدەگرێت، نە هەموو شتێکی ئەو کاریگەرییە ناچاری و بێ دەرەتانە ئەرێنییە، نە هەمووشی نەرێنییە، بەڵام لە کۆتاییدا، ئەو ڕۆشنخوازییە لە لایەن گەلانی سەردەست بەسەر کوردستانەوە بەرەو کوردستان هاتووە و تا ئێستاش تەوژمی هاتنی بەردەوامە، لە هیچ کام لە چوار پارچەکەی کوردستان، ڕۆشنخوازییەکەی ئەوی دی، هیچ مۆرکی کوردی پێوە نییە، زادەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کوردیش نین، بەڵکوو ئەو پرۆژانە بەرهەمی عەقڵ و خواست و پێداویستی ئەوی دیکەن، ئەو (ئەوی دیکە)یەی کار بۆ تواندنەوە و سڕینەوەی تۆ دەکات، ئیدی لێرەوە بەریەك کەوتنێکی دژوار لە نێوان ڕەوتی ڕۆشنخوازانەی کورد و ڕەوتی ڕۆشنخوازانەی ئەوانی دیکەی دراوسێی کورد و سەردەست بەسەر پارچەکانی کوردستانەوە، دروست دەبێت.


شاری ڕەواندز پایتەختی دەوڵەتی سۆران


تۆپەکەی وەستا ڕەجەب- نموونەیەك لە هەوڵی ڕابوون و ڕۆشنخوازی

# حەقیقەت لەلای کیرکەگارد



**نووسینی : فردي ملاك و شلي امال**
**لە عەرەبییەوە : سەرتیپ ئاغا واحد بەگ**

فەلسەفەی کیرکەگارد بانگەشەی تاکگەرایی لە سەرجەم دەرکەوتن و لایەنەکانی ژیاندا دەکات، لە لایەنی ئایینییەوە، بە پێویستی دەزانێت ڕەنگدانەوەی لە تێگەیشتنی بۆ ڕاستییەتییدا هەبێت . کیرکەگارد بە ژیانێکی پەشێو لە نێوان دژواریی و ناڕوونییدا ژیا، بە جۆرێك هیچ شتێکی ڕوونی بۆ دەرنەکەوت، وایلێبکات بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێت ڕووناکیی تێیدا ببینێت، ئەو ڕێگایەیش حەقیقەت بێت، بە شێوەیەك کیرکەگارد لە گۆشەکانی ئەو تاکە گۆشەگیر و دوورەپەرێزەی لە دەوروبەرەکەیدا دەژییێت بەدوای حەقیقەتدا گەڕاوە.

ئەو سەردەمەی کیرکەگاردی تێیدا ژیاوە، جۆرە تێگەیشتنێك بۆ حەقیقەت هەبووە، بە تیۆری هاوتای یەکتربوون ناسراوبووە، تێگەیشتنی حەقیقەتەکە بە ڕاددەی گونجانی بوو لەگەڵ واقیعدا، واتە دەشێت شتێك ڕاست، یاخود هەڵە بێت بەپێی گونجانەکەی لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا هەیە، بەپێی ئەم تیۆرییەش حەقیقەت بابەتیی دەبێت، بەشێوەیەك کۆمەڵگا، یان خەڵکی بەگشتی بڕیار لەسەر ڕاستیی و هەڵەییەکەییدا دەدەن، چونکە هەموو شتێك لە واقیعی حاڵدا لەبەردەمییاندا بوونی هەیە، هیچ تاکێکیش ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی ئەم حەقیقەتەدا نابێت .

بۆیە نارەزایەتیی سورین کیرکەگارد بۆ چەمکی حەقیقەت لەسەر بنەمای خودی ئەم خاڵە هات، کیرکەگارد لەجیاتی بابەتیی حەقیقەت جەخت لەسەر خودییەتیی حەقیقەت دەکات، تاك بەگوێرەی کیرکەگاردەوە پێویستە بەشێك بێت لە حەقیقەت، هەردەبێت حەقیقەتیش خودیی بێت، پێوەری حەقیقەت بیروباوەڕێکە پشت دەبەستێت بەو کەسەی چۆن ئەو بیروباوەڕە هەڵدەگرێت، تاوەکوو ئەم بیروباوەڕەش ببێتە حەقیقەت پێویستە لەسەر ئەو کەسە ئەم بیروباوەڕە بەبێ پێش مەرج و بە ببڕای ببڕ بەبێ گومانیی هەڵبگرێت . ئەمەییش ئەو واتایە کیرکەگارد ئەو حەقیقەتە بابەتییەی کە بنچینە و سەرچاوەکەی کۆمەڵگایە ڕەتدەکاتەوە، بەڵکوو جەخت دەکاتە سەر ئەو حەقیقەتە خودییەی بنچینەکەی تاکێك و خودێکی تەنهایە، وایدەبینێت حەقیقەتی بابەتیی جەخت دەکاتە سەر بابەتی باوەڕ، بەلام لەکاتێکدا حەقیقەتی خودیی جەخت دەکاتە سەر ڕەفتاری باوەڕدار، بەو واتایەی ئەو حەقیقەتەی لە بارەییەوە دەدوێت ئەو حەقیقەتەیە تاك لەگەڵیدا دەژیت وهەوڵی بۆ دەدات و لە کەسانی دیکەشەوە فێری نابێت و زۆریش دوورە لە حەقیقەتە بابەتییەکاندا .

کۆمەڵ لە دیدێکدا دژی حەقیقەت دەبێت، چونکە کۆتدارە و هەر دیارنەمانێکی تەواوەتیی بۆ ئازادیی تاك، وا سەیری ئەو تاکە دەکات شوێنی کەسانی دیکە دەکەوێت وەك تاکێکە خودی خۆی و ئازادییەکەی لەدەستدابێت، هەروەها ناشتوانێت بە خۆی بڕیارەکانی بدات، تاکیش ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی، بۆیە کیرکەگارد جەختیکردووەتە سەر ئەو ئازادییەی تاك لە میانەییدا دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت هەڵیبژێرێت، چونکە هەڵبژاردن لە دیدیدا بە هیچ شتێکی دەرەوەی خود پەیوەست نابێت، بەڵکوو خۆی خودی خۆی هەڵبژاردووە .

هەروەها کیرکەگارد چەمکی حەقیقەتی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خودادا بەستووەتەوە، وادەبینێت هەوڵدان بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ بوونی خودا لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە ئەنجامێکی ساویلکانە و کوێرانەی مرۆیی نەبێت، دۆزینەوەی خودا بە ڕێگایەکە لە شانشینی خوددایە وادەکات ددان بە ڕایەڵەبوونی خۆشەویستیی و چەرمەسەرییدا بنێت . ئەم پەیوەستبوونە ڕۆحانییە لە میانەی ئازار و نیگەرانی و ترسەوە ڕوودەدات . لەم بوارەوە کیرکەگارد دەڵێت : من ئەو شەپۆڵەم خۆشدەوێت کە فڕێم دەداتە قووڵاییەکانی دۆزەخ، هەروەها ئەوییش فڕێم دەداتە ئەودیوی ئەستێرەکانەوە، جا لێرەوە تێدەگەین ئەگەر لە کتێبی پیرۆزدا هاتبێت ئەو کەسەی پەروەردگار خۆشیویست بێت کۆنترۆڵی دەکات . کیرکەگارد پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە لە گوزارشتێکی واتای هاوشێوەیی ئەمەدا پوختدەکات : ئەوەی خودا بەرەکەتی پێببەخشێت، لە هەمان کاتیشدا نەفرەتی لێدەکات .

بۆیە لێرەوە کیرکەگارد بۆ هەمان بیرۆکە دەگەڕێتەوە کە بریتییە لەو حەقیقەتەی پەیوەستە بەو خودە تاکەی هەرگیز لە دەرەوەیدا بوونی نابێت، ژیانیش لە ترس و دڕدۆنگییەکی بەردەوامدا لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو بەختەوەرییە تاهەتاییەی خودێکی تەواو لە میانەی وابەستەییەکانیدا بە خوداوە بەدیدەهێنێت .



المصدر: الفلسفة الوجودية عند كيركغارد، فردي ملاك و شلي أمال، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجسستير تخصص فلسفة تطبيقية، ٢٠٢١ ـ ٢٠٢٢، الصفحة، ٢٧ ـ ٢٨ .



ژماره (٢٩) ئەیلولی ٢٠٢٣

# مێژووی رادیـۆ لە کەرکوك

**بەشی نۆیەم**

سمـکۆ بەهــرۆز ( ئەژی )

**ئیزگەی دەنگی قـەرەحەسـەن لـە گوندی ئۆمەرەگەدەوە**

سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی کورد بە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، توانیویەتی لەماوەی شۆڕشی چەکداریدا لە شوێنە رزگارکراوەکانی لە پاڵ خەباتی سیاسیدا هەوڵیداوە بایەخ بە کەلتوور و شارستانیەت و رۆشنبیری بدات و گەلێك چاپخانە و ئیزگە و رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و کۆڕو کۆبوونەوەی رۆشنبیری سازبکات.

لەپاڵ چالاکییە جۆراو جۆرەکاندا لەلایەن کادرانی پێشمەرگەوە لە گوند و لادێکانی کەرکوکدا گەلێك هەوڵی جۆراو جۆر دراوە بۆ خزمەتکردنی گوندنشینەکان لەناوچەکەدا، بۆ ئەوە بەشێوەیەکی دروست شۆڕش و خەباتەکەیان تێبگەیەنن، بۆیە دروستبوونی ئیزگەی رادیـۆی قەرە حەسەن لە گوندی ئۆمەرەگەدە یەکێك لەو چالاکییانەی کە لەلایەن نووسەر و شاعیر رەشید کەرکوکییەوە پەخشی خۆی دەستپێکردووە کە توانیویەتی رۆڵێکی گەورە لە ناوچەکەدا ببینێت لەڕووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەوە.

رەشید کەرکوکی بەم شێوەیە باس لە سەرهەڵدانی ئیزگەی قەرە حەسەن دەکات:

ساڵی ١٩٨٤ کەوتووێژ دروستبووبوو لە نێوان شۆڕشی کورد بەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا. پێشمەرگە کەوتبووە پشووەوە لەبەر ئەوەی سەرجەم چالاکییەکانی پەیوەست بەشەڕی پارتیزانی وەستێنرابوو پێشمەرگە دەیتوانی بەبێ ترس لە نێوان گوندەکان هاتووچۆ بکەن.

بۆ هەندێ کاروباری پێویست و چارەسەری نەخۆشی، لەڕێگەی لیژنەی هەماهەنگییەوە سەردانی شارەکانیش بکەن ئەمە دەرفەتێکی باشبوو کە پێشمەرگە زیاتر لە جەماوەری شارەکان نزیك ببێتەوە و تێکەڵاو ببێت. بەجۆرێك خەڵکی شارەکان بەبێ ترس بۆ سەردانی پێشمەرگەی خزم و هاوڕێ دەهاتنە گوندەکان بۆ سەردانی لەم کاتانەدا ئێمەی پێشمەرگە برەومان بەکاری رێکخراوەیی داو خەڵکی باشمان هێنایە ڕیزەکانی رێکخستنەوە، کارو چالاکی ئەدەبی و هونەریمان بەرەو پێشەوە چوو. دەرفەتمان بۆ ڕەخسا بۆ ئاهەنگ گێڕان و نوسین و بڵاوکردنەوەی پەخشنامە.

لەم ساڵەدا من لە گوندی ئۆمەرەگەدەی ناوچەی قەرەحەسەن گیرسابوومەوە کە لە سنووری چالاکییەکانی کەرتی چواری جەباری بوو کە شەهیدی نەمر مامەڕیشە فەرماندەی بوو، خۆم پێشمەرگەی هەرێمی پارێزگاری کەرتی ئیزگە بووم، بۆ کاروباری رێکخستن، هەماهەنگیم لەگەڵ کەرتی رێکخستنی بازیان کردبوو لەڕێگەی کاك شوانی کادر.

وەك بەرپرسی رێکخستنەکانی سنووری ئۆمەرەگەدە و قەرەوەیس و چەند شوێنێکی تر بەنهێنی کارم دەکرد. لە خانوویەك دەژیام خۆمان و پێشمەرگە و سەربازە هەڵاتووەکانیش ناومان نابوو (لانەوازان). کاك خورشیدی برام و کاك عەبدولخالق ناسراو بە ئومێد و کاك سەعید ئۆمەرەگەدەیی هەمیشە پێکەوە لەو خانوە دەژیاین و ئافرەتمان لەگەڵ نەبوو، بۆیە کاتێك کە پێشمەرگەکان دەهاتنە گوندەکە بەشێکی زۆریان دەهاتنە لای ئێمە بۆ پشودان وخوێندنەوە.

ژوورەگەورەکەمان جگە لەڕایەخ و پێخەف و دیوارەکان ڕازابووەوە بە وێنەکانی مارکس، ئەنجلس و لینین بەگەورەیی و پۆستەری شەهیدە سەرکردەکانی کۆمەڵەو پەخشنامە بەبابەتی جۆراو جۆری کوردستانی و فەلسەفەی مارکسیزم. بۆ گەیاندنی پەیامەکانی کۆمەڵەو مێژووی دوور و درێژی خەباتی کورد و قوربانییە زۆرەکان و باسی شەهیدەکانی کورد. بۆ ئەوەی بگاتە بەرگوێی جوتیاری کورد و خەڵکی نەخوێندەواری گوندەکە لەژن و لەپیاو هەوڵمدا ئیزگەیەك دروست بکەم. کارو چالاکی خۆمانی تێدا پەخش بکەم، ئەو نەخشە ئەلکترۆنیانەی پەیدام کردن لەڕێگەی چەند کەسێکەوە بەتایبەتی خوالێی خۆش بێت (لقمان حەمید) کە خوێندکاری ئەلکترۆنیات بوو لە پەیمانگا هەوڵمدا پارچەکانی بکڕم وەك ترانسستەرو کۆندێسەر و بەرگرو شتی تر.

پاش ماوەیەك بۆمان دەرکەوت هەندێ پارچە لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدایە و ئاسایشی حکومەت بەبێ ڕەزامەندی ئەوان رێگە بەفرۆشتنی نادات ئەمە تارادەیەك نائومێدی کردین و خەریك بوو ساردبینەوە و دەست بەرداری ئەو بیرۆکەیە ببین، تا دوو هاوڕێم بەناوی عەبدولخالق فازڵ حوسێن کە لە کەرکوك نیشتەجێ بوون هاتنە







سەردانم شەوێك لام مانەوە، ئەو باس و خواسەم بۆیان کرد.

عەبدولخالق کە برایەکی بەعسی بوو بەناوی تەبارەك، بەڵام ئەم کوڕێکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر بوو ووتی: من تەکنێکتان بۆ دەکەم کە سوودی بۆ بەرنامەکەتان هەبێت و ئیزگەیەکی بچکۆلەی یەك کیلۆمەتری پەخش بێت بۆتان دروست دەکەم با ئەم هەفتەیە تێپەڕێت و دێمەوە بۆلاتان و لە پاش هەفتەیەك لەسەر بەڵێنەکەی خۆی هاتەوە، ڕادیۆیەکی بچوکی دەستی کەدەفتەریان پێدەوت کڕی بوو. لەگەڵ کاویەیەك و هەندێ وایەری باریك و مایکرۆفۆنێکی بۆ ڕیکۆردەرەکەمان کە جۆرێکی گەورەکانی دووکاسێتی بوو لەگەڵ خۆی هێنا، پاش پشوودان لە سەرخۆ پێکەوەی بەستن، وایەری ئەنتێنی ڕادیۆکەی دا لە ساردی کارەبای ماڵەوە مایکرۆفۆنەکەی دا لە ڕادیـۆ بچوکەکە، کارێکی وایکرد ڕادیۆکە جگە لە وەرگر بووە پەخشکەریش. بە جۆرێك هەر گۆرانییەك لە ڕیکۆردەرەکەوە مایکەکەی لێوە نزیك بکەیت یان خۆت قسە بکەیت، لەو ڕادیۆ بچوکەوە پەخش دەبێت لەسەر شەپۆلێك داینا کە ئیزگەی لەسەر نەبێت. کارێکی زۆر سەیر بوو ئێمە بەسوڕدانی خلۆکەی کەناڵەکانی دەمانتوانی شەپۆلی ڕادیۆکە بگۆڕین بۆ هەر لەرەیەکی تر.

پەخشی ئەزموونیمان دەست پێکرد بەخستنە سەری کاسێتێکی گۆرانی و ڕادیۆمان دەبرد تاکو گوێی لێ بگرین. بۆمان دەرکەوت لەکوێ کارەبای بۆ ڕۆیشتبێت پەخشی ئیزگەکە وەردەگیرێت کەڕادیۆکە نزیك کارەبا بکەیتەوە ئەمە سەرکەوتنێکی باشبوو هەموو دڵخۆش بووین. ناومان نا (ڕادیۆی دەنگی قەرەحەسەن لەئۆمەرەگەدەوە).

ئیتر بەرنامەمان بۆ دانا ئەوەی لەژوورەکەدەژیا لەگەڵمان ئەرکی پێ سپێردرا هەندێ کێشەمان بۆ دروستبوو لە دەنگی بێژەری و شەرمکردنی هەندێکیان و ترسیان لە هەڵەکردن. وایکرد زۆر جار بەتەنیا بمێنمەوە. بەڵام سودم لە هەموو کەسێك وەردەگرت ئەگەر بابەتی هەبێت پێشکەشی بکات.

لە سەرەتای کردنەوەی ئیزگەکە خۆم قورئانم دەخوێند، جارێکیان شێخ باباعەلی برای شێخ لەتیف شێخ تاهیر بەرزنجی لە هەولێرەوە بە سەردانی هاتبوو، کە گوێی لە قورئانەکە گرت و پرسیاری کردو ناردی بەشوێنمدا و چوومە خزمەتی و پێی ووتم دەنگت باشە، بەڵام تەجویدت باش نییە لەمەد و غونە و ڕاوەستان. ووتم یاشێخ لەو بابەتەم نەخوێندووە. ووتی: خەڵکی گوند لەم شتانە نازانن و هەستی پێناکەن. ئەتوانی بەردەوام بیت. بەڵام من ناردم لەشار کاسێتێکی قورئانم بۆ هات بەدەنگی نوری ئیبراهیم کە دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە و لەوەبەدوا بەدەنگی ئەو دەستمان پێدەکرد. دواتر وتاریکم دەخوێندەوە لەسەر مێژووی کورد ئیتر بەرنامەکانمان درێژەی هەبوو تاکو نێوەڕوان چەندین بەرنامەمان پێشکەش دەکرد. لەوانە دەرسەکانی مارکسیزم سرودی نیشتمانیی لە سرودەکانی هونەرمەند (ناسری ڕەزازی، نەجمەی غولامی، شڤان پەروەر، لالۆ ڕەنجدەر.. هتد)، جگە لەوەش چوارده دانە کاسێتی شیعرو سرودم لە کاك محەمەدی کەمالی بێژەری دەنگی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وەرگرت بوو بەدیاری، هەرماوەی جارێك پەخشم دەکرد و بەداخەوە ئەو کاسێتانەم لە ساڵی ئەنفالەکە فەوتان، بەڵام بۆ جاری دووهەم لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن برای ئازیزم کاك ئەنوەری محەمەدی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبەو لێپرسراوی ڕاگەیاندی کۆمەڵە دووبارە پێشکەشم کرایەوەو پارێزراون. هەروەها هەندێ بابەتی ناو گۆڤاری پێشڕەو کە ئەو حزبە بڵاوی دەکردەوە سوودم لێ دەبینی، کاروانی شەهیدان کە هەوڵمداوە زیاتر شەهیدانی سنوورەکە دەربخەم لە ژیانی ئەوان بدوێم چونکە پەیوەندی بەدانیشتوانەوە هەبوو. بابەتە سیاسیەکان خۆم پێشکەشم دەکرد و بابەتی ڕۆشنبیری کاك عەبدولخالق پاشا پێشکەشی دەکرد. دەنگوباسی ناوگوند و کێشەی نێوان جوتیارەکان لەسەر نۆرە ئاو و پوش و پاوەن و شتی تری ڕۆژانە بەرنامەمام بۆی هەبوو زۆرجار کاك شێرکۆ مەجید دەیخوێندەو و هەندێ جاریش بەزاراوەی بادینی بە هاوکاری خۆم دەیگوتەوە بۆ ئەوەی ئیزگەکەمان شێوەیەکی گەورەتر لە خۆی نیشان بدات. هەر ئافرەتێکی خۆمانە لەلامان بوایە بابەتێکی ژنانەمان لەگەڵیدا

تۆماردەکرد یاخود ڕاستەوخۆ پەخشمان دەکرد، لەو کچە بچوکانەی سروودی منداڵانمان پێ دەووتەوە شەهلا محەمەد بوو کە ئەوکات تەمەنی شەش ساڵان بوو، کە ئێستاش لە ژیاندا ماوە. هەندێجار ئەو پێشمەرگانەی کە دەهاتنە لامان، بە پرسیارو وەڵام بابەتی پێشمەرگانەمان ڕاستەوخۆ پەخش دەکرد و باسی ژیانی پێشمەرگایەتی و نارەحەتیەکانی شەڕی پارتیزانی.

دووری لەخزم و کەسوکار دەبوونە بابەتی خۆش و جوان لەگەڵ ئەوەی بابەتە سیاسیەکان و هەواڵەکان زۆر جێگای بایەخی ئێمەو گوێگرەکانمان بوو بابەتی گاڵتەو گەپ و گۆرانی دڵی گوێگرەکانمانی خۆشدەکرد. جاری واهەبوو گرفتمان لە پەخشکردن هەبووە، یان لەشارەوە میوانیمان هەبووە و قەرەباڵغ بووینە و دەرفەتی پەخشمان کەم بووەتەوە و داوای لێبوردنمان لە گوێ گرەکانمان کردووە، بەڵام ئەوان پەیتا پەیتا هاتوون و دەیانپرسی ئەوە بۆ ئێزگەکە ئیش ناکات.



بەشێوەیەکی کشتی ڕیزبەندی بەرنامەکان بەم جۆرەبوو: قورئان، سڵاو لە گوێگران و هیوای خۆشی و سەرفرازی بۆیان گۆرانیەکی خۆش، وتارێکی سیاسی لە سەر کورد، پاشان سرودێك، هەواڵەکانی گوندو ناوچەکە، پاشان چەند گۆرانیەك، بەرنامەکان هەر ڕۆژە دەگۆڕا (وانەکانی مارکسیزم، مێژووی کورد، خێزان و ژنانی کورد، پرسیارو وەڵام، ژیانی پێشمەرگە، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، کێشەکانی کۆمەڵ) بابەتی هەمەچەشنە کە دەهاتە پێش، گۆرانی داواکراو، چاوپێکەوتن و بەسەرکردنەوە، چەندین بابەتی ڕۆژانەی تر. لەگەڵ ئەمانەشدا گۆرانی عەرەبی و فارسیش پێشکەش دەکرا، لە کاتژمێری هەشت تاکو ١٢ی نیوەڕۆ بەردەوامی هەبوو کتێبی زۆرباشمان لەلابوو بۆ خوێندنەوە و سوودلێ وەرگرتنیان.

لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرجار وەك گاڵتە و گەپ و ئەو شتانەی شێوە نوکتەبن سودمان لە کتێبی ڕشتەی مرواری مامۆستا عەلائەدین سەجادی وەرگرتووە، شیعرەکانی مامۆستا قانع جێی بایەخی ئێمە بوو، کە زۆری پەیوەستە بە چەوسانەوەی جوتیاران و ژیانی سەختیان و پەیوەست بوونیان بەشۆڕشەوە.

جارێکیان کاك ساڵح ستار کەخزمی نزیکی خۆمانە لە گوندی زنەخۆرەوە هات بۆ ئۆمەرەگەدە، منیش زانیم لەماڵی خاڵۆم (دکتۆر سدیق) دانیشتوە کە ئەوکات خاڵۆم پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری بوو و پیاوێکی ناسراوە، لە دەنگی ئێزگەکەمانەوە بەخێرهاتنم کرد بەمجۆرە (بەناوی ئێزگەکەمانەوە پڕ بە دڵ بەخێرهاتنی کاك ساڵح زنەخۆری دەکەین کە ئەزیەتی کێشاوە و لەگوندی زنەخۆرەوە بەپێ هاتووە بۆ سەردانی و ئێستا لە ماڵی دکتۆر سدییقە، زۆر بەخێربێت بەسەرچاوانمان و ئەم گۆرانیەش پێشکەش بە ئەو) گۆرانی (میوان خۆش هاتی بەدەنگی یەدوڵای محەمەدی) بۆ پەخش کرا.

هەر زۆر سەرسام بوو ووتی (برا ڕۆ لەو دەشتە چۆڵەوە چی زوو خەبەر گەیشتە ئێزگە) هەر زۆر سەرسام بوو. دۆش دامابوو، دواتر وتیان ئەو دەنگەت نەناسی ووتی نەوەڵا بەچی بیناسم ووتیان ئەوە ڕەشیدە و ئێزگەی خۆیەتی، دواتر هات بۆ لام.

دوو کەس بەهاوبەشی چایخانەی گوندەکەیان دەبرد بەڕیوە ڕێکخستن بوون لەلای من یەکێکیان( شەهید تەها نوری مەجید) ناسراو بە گولێ و ئەوی تر کاك سەباحی حاجی فاتح بوو کە ئێستا لەژیاندا ماوە، ئەم دوو کەسە پێویستیەکانی ڕێکخستنیان لەشارەوە بۆ ئەهێنایین لە کاسێت و قەڵەم و کاغەز و هەرشتێکی تر بەرێکەوتن لەگەڵ ئێمە دەنگی ڕادیۆکەیان بڵند دەکردەوە، لەناو جەرگەی ئاوایی جارێکی تر لە سەرەتای دانانی ئێزگەکەمان لە بروسکەیەکدا بەمجۆرە بانگی کەسێکم کرد (داوا لە جەعفەر حاجی نەجم دەکەین لە گوندی ئۆمەرەگەدە، لەماوەی ١٢ سەعات خۆی و تەراکتەرەکەی لە شوێنی دیاری ئامادە بێت)، جەعفەر پیاوێکی بێلایەن بوو لەبەر هاتوچۆی شار خۆی دوور ئەخستەوە لە هەندێ پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگە ئێمەو یستمان شپرزەی بکەین لەگەڵ هەندێك پیاو لە ماڵی کاك سەعدوڵای حاجی شەریف دانیشت بوو، هەستایەسەرپێ و ووتی: ئەمە چییە؟ بەخوا باوکم ئاگام لە هیچ نییە. ئاخر بۆ کوێ بڕۆم؟



ژمارە (٢٩) ئەیلولی ٢٠٢٣

بۆلای کێ بڕۆم؟. وتیان ئێمە چوزانین خۆت لە نهێنیەکانتان ئەزانی ئیتر زۆر توڕەبوو هەرنەیدەزانی چی بکات و ئەوناوەی بەبۆڵ بۆڵەوە بەجی هێشت، دواتر کاك سەعید هێوری کردەوەو هێنای ئێزگەکەی پێ نیشاندان، ئیتر خەڵکی گوند زانیان ئێزگەیان هەیە لەناو گوندەکەی خۆیان و پێی ئاشنابوون.

لە بەرنامەی گۆرانی داواکراودا خەڵکەکە بۆ ماوەی یەك سەعاتی بەرنامەکە ئەهاتن لە دەرگاوە داوای گۆرانیان دەکرد و بۆیانمان بڵاودەکردەوە پێشکەشی کێیان دەکرد ناومان دەهێنا ناوی هیچ کچێکمان نەدەهێنا، بەڵام گەنجەکان گۆرانیان داوادەکرد و پێشکەشی خۆشەویستەکانیان دەکرد. لە سۆنگەی بەرنامەی گۆرانی داواکراو بیرۆکەی پرسیارو وەڵامم بۆهات. کە لە بەرنامەیەکدا پرسیارێکم دەکرد و داوای وەڵامم لە گوێگران دەکرد. کە وەڵامەکانمان لە بەردەرگا یان ناوگوند لێیان وەردەگرت و دواتر وەڵامی ڕاستمان بڵاودەکردەوە. کاك سەعیدی مەلا حەمید چالاکوانێکی ئێزگەکەبوو ڕۆڵی خۆی هەبوو.

هەندێك خەڵك لە هەموو شوێنێك هەن کەماستاوچی و خۆبردنەپێشن لەسەر حسابی خەڵکی تر. کەسێك چوبوە لای مامەڕیشە، ووتبووی جاسوس هەیە لەدێیەکەمان، ووتی بووی کێیەو چی ئەکات؟ ووتبووی ناوی ڕەشیدەو گوایە ئێزگەی داناوە و بەجیهاز زانیاری بۆ حکومەت ئەنێرێت شەهید مامەڕیشە لێی توڕە ئەبێت و ئەڵێت جارێکیتر ناوی ئەو بەخراپە نەهێنێت گومان نەخەیتەسەری ئەوە بۆخۆمان ئیش ئەکات.

هەرکات کاك سەلاح ڕەنجدەر خوالێی خۆش بێت لە قەرەوەیسەوە بهاتایە بۆلام لەسەر خەباتی جوتیارانی کوردستان بابەت و وتاری ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکردو کادرێکی چالاکی ڕێکخستنەکانمان بوو.

دەمەوێت باسی ئەوەش بکەم لەبەر ئەوەی کەیبانوومان نەبوو دەبوو کەسێکمان چێشت لێ بنێت و بۆ ئەو ماوەیە کەنانمان دەخوارد و گۆرانیم دەخستە سەر ئێزگەکە و کۆتایی پەخشی ئێزگەکە و خواحافیزیمان لەگەڵ گوێگران، جارجارە هەر بۆ خۆشی دەمووت گوێگرانی خۆشەویست لێرەدا کۆتایی بەپەخشی ئەمڕۆی بەرنامەکانمان ئەهێنین لەبەر ئەوەی قاپەکانمان دەشۆین خواتان لەگەڵ.

ئەم ئێزگەیە سەرەڕای کەم و کورتیەکانی و نەبونی کادری شارەزاو پسپۆر لە بواری ڕاگەیاندن، کە بەرنامەکانی بەشێوەی ئەکادیمی پێشکەش بکات، بەڵام جێگای ڕەزامەندی خەڵکی گوندەکە و پێشمەرگەبووە. توانیویەتی ئێش و ئازاری خەڵکەکە باس بکات و چەسانەوەو دەست درێژیەکانی ڕژێمی بەعس بخاتەڕوو و ڕیسوای بکات. دەنگی خەڵکی گوندەکە بێت و تێکەڵاوی ئازارو مەینەتی وخۆشیەکانیان بێت. وەکو بانگەواز بۆ بانگ کردنی خەڵك و پێداویستی گوند بەکارهاتوە. دەنگی پێشمەرگەو خەڵکی گوند بووە بەتایبەتی گەنجەکان زۆر دڵیان پێخۆش بووەو هەمیشە سەردانیان کردووین و گوێمان لە پێشنیارو داخوازیەکانیان گرتووە. زۆریان ویستوویانە لەئێزگەکەوە پەیام بنێرن و قسەبکەن.

ئەم ئێزگەیە تانزیکی کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ کاری کردووە، بەداخەوە لە پاش کوشتنی هاووڵاتیەکی گوندەکە بەناوی حوسێن کەبە (حوسێن گوێبڕاو) ناسرابوو لە پاش سێ ڕۆژ گەڕان بە دوایدا بەهۆی لێزمەی بارانێکی سێ ڕۆژە نەدۆزرایەوە ئەوە بوو ڕۆژی چوارەم تەرمەکەی بە کوژراوی کە لەسەرووی گوندەکەوە بە فرێدراوی دۆزرایەوە. ئەمە دۆخی گوندەکەی تێکداو نائارامی لە گوندەکە بڵاوکردەوەو ڕیکخستنەکان و پێشمەرگەشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردو پاش چەند هەفتەیەك شەهیدبوونی مامەڕیشەی بە دوادا هات و ئێمەش پەرتەوازە بووین و ئێزگەکەشمان کۆتایی پێهات. یادیان بەخێر.



# مومتاز حەیدەری

## تەمەنێك لە خزمەتی بواری رۆژنامەگەری کوردی، تەژی لە بەخشین



عەباس داودی

کەم نین ئەوانەی بوونەتە سیمبۆلی جوانی و مایەی شانازی لە خزمەتکردنی بواری رۆژنامەگەریماندا، بێمنەت شانیان داوەتە بەر لە نێو ئەم بزاڤە پڕ لە دڕك و بەرپرسیارێتی، دیرۆکییە، یەکێك لەو مرۆڤە لێبووردووانە ئەم زاتەیە کە دەمانەوێ لێرەدا هەڵوەستەی لە سەر بکەین.

ئەوەی کەمێك لە نزیکەوە ئاشنای م . مومتاز بێت ، ئەو دەم بۆی دەردەکەوێت ، چەندە کەسێکی لێبووردە، خاکی، دڵسۆزی کارەکانێتی، رووگەش دەگەڵ هاوەڵانی خامەو نووسین، ئاشقی کتێب، دەگەڵ ئەودا قسەو باسی سەرەکی نووسین و کتێبە ، ئەو بۆ خۆی لاپەڕەیەکی گەش و پرشنگدارە لە هەنووکە و داهاتوو(هەڵگری خەونی گەورەیە لە کوردستانێکی ئازاد و دیموکراسی).

بەڕێز مامۆستا مومتاز حەیدەری لە دایکبووی ١٩٣٨/٣/٨ ی شاری هەولێرە

ساڵی ١٩٦٠ بۆ یەکەمجار دەبێتە پەیامنێری رۆژنامەی ئازادی ، دوای کودەتا رەشەکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ و لەو کاتەوە روو دەکاتە شاخ تاوەکو ١٩٦٤/٦/٣ و لەو ماوەیەدا کاری رۆژنامەوانی ئەنجام دەدات

لە ساڵی ١٩٦٨ بە نهێنی لە رووسیا دەگەڕێتەوەو هەمدیسان لە رۆژنامەی (تەریق و لشەعب) ، دەست بەکار دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك

لە ساڵی ١٩٦٩ لە لایەن فاشیستەکانی بەعسەوە دەستگیر دەکرێ لە (قەسرولنهایە)، لە سەر دەستی (نازم گزاری جەللاد) تووشی ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبێ ، پاشان ئازاد دەکرێ.

پاش بەیاننامەی ١١/ ٣ /١٩٧٠ بە یەکجارەکی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ دەبێت، لە هەفتەنامەی )هاوکاری( دەست بە کار دەبێ ولە هەمانکاتدا دەبێتە ئەندامێکی هەرە چالاکی یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر.

لە نیسانی (١٩٨٠) کتێبخانەیەکی ئەهلی بۆ فرۆشتنی کتێب و فۆتۆکۆپی بە ناوی کتێبخانەی (حەیدەری) دەکاتەوە، لە کۆنگرەی (٥)ی یەکێتی نووسەرانی کورد، وەکو ئەندامێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی لیستی دەسەڵات بۆ مەڵبەندی گشتی هەڵدەبژێردری.

پاش راپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، لە تێکڕای دەزگاکانی نووسەران، رۆژنامەنووسان، چالاکی مەدەنی، چالاکییەکی بەرچاوی نواندووە.

لە سەردەمی شەڕی براکوژی (ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی) بووە.

دوو خوول، وەکو رۆژنامەنووسێکی خاوەن ئەزموون و سەربەخۆ، سکرتێری رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.

سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) بووە، کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی رۆژنامەنووسانی کوردیدا، گۆڤارێکی تایبەتمەند بە کلتووری رۆژنامەنووسی لە کوردستان و تەنانەت لە عێراقیش دەرچووە.

بۆ ماوەیەکی کورت راوێژکار بووە لە وزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستان هاوکات هەر بە پلەی راوێژکار خانەنشین کراوە.

لە رێکەوتی (١٩٩٩/٣/١٤) بری ٥ کگم (TNT) لەبەردەم ماڵەکەی بۆ تیرۆرکردنی تەقێنرایەوە، ئەم کارە تیرۆرییە یەکەم کردەی تیرۆری بوو بەرامبەر رۆژنامەنووسێك پاش راپەڕین ئەنجامدرا.





تاوەکو ئێستا (١٠) کتێبی نووسین و ئامادەکردن بڵاوکردووەتەوە.

لەساڵی (٢٠٠٨)ەوە سەرنووسەری دوو گۆڤاری ناوداری سەرتاسەری سەربەخۆی کوردستانییە (گۆڤاری K٢١ و لەیلا قاسم - لەیلا زانا ) کە هەردووکیان کلتووری و زانستی و مێژوویی، وەرزی ئازادن.

خاوەن کتێبخانە و ئەرشیفێکی گەورەیە لە ماوەی ئەو (٢٥) ساڵەی رابردوودا، زیاتر لە (١٥٠) خوێندکاری ماستەرنامە و دکتۆرا سوودیان لێ وەرگرتووە.

ساڵی (٢٠١٨) کتێبی حەیدەرنامە (٤ بەرگ) ، و کتێبی خەڵاتی میللی لە (٢٠١٩) دەرچووە، لە ساڵی (٢٠٢٠) کتێبی جەژنی کتێب، ئەمێستاش (٢٠٢٢) ئەم بەرهەمە گەورە و ناوازەیەی کە کۆ بەرهەمەکانێتی لە دوو بۆکس و هەژدە بەرگی قەشەنگدا بەردەستە.

لێرەدا دەمەوێ سوپاسی بێ سنووری خۆم ئاراستەی بەڕێز حەیدەری بکەم بۆ شەرەف و ئەوخەڵاتەی پێی بەخشیم بەوەی کە لە ناردنی کۆپی کۆبەرهەمەکانی(زادەی تەمەن ـ رەوسەی قەڵەمەکەم)، لە کەرکوك دا لە ریزبەندی یەکەمی هاوەڵەکانیدا بوومە، ئەمەش بۆ خۆی ئاماژەی دڵسۆزی و ئەمەکدارییەتی هەمبەر دۆستەکانی.

ئاشناییم بۆ بەڕێزیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی خوێندکاری زانکۆ بووم ، لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین ـ لە ساڵانی هەشتایەکاندا، هەر کە دەرفەتێکمان هەبوایە لە گەڵ هاوەڵەکانمدا دەچووین بۆ سەردانی لای کتێب فرۆشەکانی پاڵ قەڵا، پاشان بۆ لای مامۆستا مومتاز، کە کتێبخانەیەکی پڕ کتێبی هەبوو لە بەرانبەر بینایەی پارێزگا، لێرەدا هەقە ئەو راستییە بۆ مێژوو تۆمار بکەم دەرهەق جەنابیان، لە کاتێکدا بەعس هێجگار باڵا دەست و توندو تیژ، ترسناك بوو، کەچی ئەو بێ ترس رادیۆکەی لە نێو جەرگەی بازاڕدا دەخستە سەر رادیۆ دەنگی کوردستان و بێ سڵەمینەوە بە ئاشکرا گوێی لی دەگرت، ئەمە بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە هێجگار بڤە بوو، بۆیە هەوڵمان دەدا زوو کتێبی دڵخوازی خۆمان بکڕین و دوور بکەوینەوە بۆ خۆپاراستن نەوەك لەو کاتەدا سیخوڕێك، یەکێك لە پیاوانی رژێم بزانن بە حاڵەتەکەو ئێمەش پێوەی گرفتار بین، ئەمەم تەنیا بۆ ئەوە خستە روو کە سەلماندنە بۆ ئەوەی مامۆستا مومتاز هەر لە دەسپێکی کاری رۆژنامەوانییەوە بۆیرانە کاری خۆی ئەنجام داوە.

لە دوماهی ئەم گووتارەدا ئەوە ماوە داوای تەمەن درێژی و لەشساغی بۆ ئوستاد و سیمبۆلی رۆژنامەوانیمان بکەم، ئەو بۆ خۆی هێندە گەورەو بەخشندەیە زۆربەمانی قەرزار بار کردووە، چونکە هەر کە سەردانییەکی بکەیت، دەست و باوەشت پڕ کتیب دەکات، وتارێك، بابەتێکی لەسەر بنووسیت، لە بەچاویەتی و لای خۆی تۆماری دەکات، ئەمەش بۆ خۆی حاڵەتێکە جیاوازی هەیە لە گەڵ کەسانی تردا.

هەر چەندە مامۆستا تەمەنی هەڵکشاوەو گەیشتۆتە ٨٥ ساڵی ، ئاواتە خوازم ژیان بواری بدات بەرهەمی نوێ تری ببیینین و مانەوەی لە تەمەندا بۆ ئێمە مایەی سێبوورییە، چونکی باوك قەڵایە بۆ کوڕ و نەوەکانی .



# شێخ فوئاد شۆرجە

## پیاوی سوڵح و سەڵاحەت



□ ئا / سیروان بەرزنجی

لە ژێر دروشمی (من لم یشکر الناس لم یشکر الله)، واتە: هەر کەسێك ستایش و سوپاسگوزاری چاکەکەران نەبێ، ئەوا ستایش و سوپاسی پەروەردگار ناکات! بۆیە پێویسە بزانین کاتێ مرۆڤێك لە هەر بوارێکدا کە هەڵدەکەوێت و خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات و ناو ناوبانگی بە چاکە لە نێو خەڵکیدا دەردەکەوێت، ئەوە مایەی شانازییە بۆ ئەو شارە، جێی پەنجەی لە بواری (کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئاشتەوایی) دیارە، خۆی تەرخان کردووە بۆ کاری چاکە و خزمەتی تاك و کۆمەڵ و مرۆڤایەتی، دیارە کەسی چاکەکار لەلایەن خوداوە هەڵدەبژێرێت بۆ خزمەتی میللەت، دەبێ ئەوەش بزانین کاری چاکە بە هەموو کەس ناکرێت، کوردەواری خۆمان وتەیەکی جوان و دانسقەی هەیە کە دەڵێ: (لە هەر هۆزێ، قۆزێ)! واتە: لە هەموو سەردەمێ کەسێك لە نێو هۆزێك هەڵدەکەوێت.

شارو شارۆچکەکانی کەرکوك و کوردستان، سەدان کەسایەتی و پیاوماقوڵ و سەرکردەو سەرۆك هۆز و مرۆڤی زاناو دانای تیا هەڵکەوتووە، ئەمەش لە ڕێگەی دیوەخان و حوجرەو مزگەوت و تەکیەو خانەقاکان بووە، پایەدار (حاجی شێخ فوئاد شۆرجە) یەکێکە لە پیاوە جوانەکانی گەڕەکی شۆرجە و شاری کەرکوك، ئەم زاتە بۆ ماوەی (٤٦) ساڵە و بە دیاریکراوی لە دوای وەفاتی باوکی لەساڵی (١٩٧٧) وە، خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ئایین و تەریقەت و دانیشتوانی شاری کەرکوك بەبێ جیاوازی، بەردەوام سەرقاڵی چارەسەری کێشەو گرفتەکانی هاوڵاتیانە، هەر کەسێك پەنای بۆ ببات بەپێ توانا کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکات، یاخود بەلانی کەمەوە کارئاسانی بۆ کێشەکەی دەکات، واتە: ئەوکەسە بێ ئومێد نابێت!

شێخ فوئاد بەوە ناسراوە مرۆڤێکی زمان شیرین و دەم بەخەندە و سەخی تەبیعەتە، قسەزان و خۆش مەشرەب و بێ نەفس و تەوازع زۆر دەنوێنێت، ئەمەش هەموو سیفاتی جوانن بۆ کەسێك کە خاوەن مەقام و دیوەخان و مزگەوت بێ لەم سەردەمەدا، شەو و ڕۆژ دەرگەی تەکیەکەی کراوەیە بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و میوانی جۆراوجۆر، هەمیشە سفرەی سەخاوەتی بۆ پیرو جوان ئامادەیە، لەگەڵ گەورە گەورەیە، لەگەڵ بچوك خۆی بە بچوك دەزانێ، لەگەڵ زانا زانایە، لەگەڵ دانا دانایە، بەکورتی شێخێکی حەکیم و بە حیلم و خاوەن خوو ڕەوشت بەرزە، لە ماوەی ڕابردوو تا ئەم سەردەمە بە سەدان بەڵکو بە هەزاران کاری خێرو سوڵح و سەڵاحەتی ئەنجامداوەو بەردەوامە.

خەڵکی کەرکوك تەکیەی شێخ فوئاد بە ماڵ و مەقام خۆیان دەزانن، هەر کێشەو گرفتێك ڕوودەدات دەچنە خزمەتی بۆ چارەسەری کێشەکانیان، هەروەها دەتوانم بڵێم ڕۆژانە کاری سوڵح و ئاشتەوایی لە تەکیەی شێخ فوئاد ئەنجام دەدرێت، جا







کێشەکان هەمە جۆرن لەوانە: (عاجزی، ڕووداوی سەیارە، زەوی و زار، یاخود بابەتی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو برا، یان دوو بنەماڵە، یان دوو هۆز) و.....هتد، جا عەرەب بێ، یاخود کورد، یان تورکمان، لەسەر دەستی شێخ فوئاد پێك دێن و ئاشت دەبنەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا خێرێکی زۆر گەورەیە، بە بەڵگەی ئەوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و دەفەرموێ: (والصلح خیر). بەڕاستی شێخ فوئاد لەو بوارەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، هەر چەنێ لەسەری بنووسین حەق و مافی خۆی پێ نادەین، ئەمە ستایش و پیاهەڵدان نییە، بەڵکو ئەمە حەقیقەتە، هەر کەسێك دەیەوێ بەو کەڵە پیاوە ئاشنابێ با بڕوا بە چاوی خۆی ببینێ و ئەوجا بڕیار بدات، کە شاری کەرکوك گەوهەرێکی بێ وێنەی هەیە بە جۆرێك مرۆڤێکی جوامێر و ئازاو چاونەترس و بەغیرەتە، ڕەوان شاد شێخ حوسێن بەرزنجی بۆی گێڕامەوەو وتی: لە کاتی ڕەش بگیرەکەی ساڵی (١٩٩١) لەلایەن ڕژێمی پێشوو بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکوك، ئەوە بوو ژمارەیەك لە گەنجی گەڕەکی شۆرجە لە ترسی گرتن و ڕاودونان لەلایەن پیاوانی ڕژێم. پەنایان برد بۆ تەکیەی شێخ فوئاد، بەڕێز شێخ فوئادیش قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵکردو لە ناو مەرقەدی باوکی و مامی، ئەو کۆمەڵە گەنجەی شاردەوە و ڕزگاریانی کرد و نەیهێشت دەستی پیاوانی ڕژێم بکەون!

هەروەها لە دوای (١٦ی ئۆکتۆبەر) فەرماندەی عەمەلیاتی عەسکەری کەرکوك سەردانی تەکیەی شێخ فوئادی کرد، بەندەش (نوسەری بابەت) ئامادەی ئەو دانشتنە بوو، هەروەها خەڵکێکی زۆریش ئامادەی ئەو دانشتنە بوو، کاك شێخ فوئاد پاش بەخێرهاتن لە میوانەکان. زۆر ئازایانە بە دەنگی بەرزەوە دەستی کرد بە قسەکردن بە بەرچاوی فەرماندەی عەمەلیاتەوە. ستایشی پێشمەرگەو ئاسایشی کرد، کە ڕۆڵێکی گەورەیان نواند بۆ پاراستنی دانشتوانی شاری کەرکوك و بە ماڵ و گیانی خۆیان بەرگریان لە شاری کەرکوك کرد و نەیانهێشت شارەکە بکەوێتە دەستی چەتەکانی داعش، هەروەها وتی: لە پێناو پاراستنی خەڵکی کەرکوك، دەیان و سەدان پێشمەرگەو ئاسایش خوێنی ڕژاو شەهید بوون، ئەوجا فەرماندە هاتە قسەکردن و پشتیوانی لە قسەکانی شێخ فوئاد کرد و پەسەندی کرد.

هیوای لەشساغی باش بۆ جەنابی شێخ فوئاد دەخوازم، خودا بیپارێزێت.



# گەڕەکەکانی کەرکوک لە ڕوانگەی مێژووەوە

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

**بەشی بیست و چوارەم**

## (گەڕەکی خانەقا)

ئەم گەڕەکە کەوتۆتە سەرەتای ئەوبەری ڕووباری خاسەوە، کە هاوسنووره لەگەڵیداو هاوسنووره لەگەڵ شەقامی ئەتڵەس و شەقامی جمهوری، شەقام و شا ڕێگای(ڕەحیماوا- ڕێگای بەغدا) لە ڕووباری خاسەی جیا کردۆتەوە.

یەکێك لە شوێنە دیارەکانی ئەم گەڕەکە (خانەقای سەید ئەحمەدە)، دەکەوێتە بەری قشڵەوە لە پاڵ کتێبخانەی گشتی کەرکوك، کە لە ساڵی(١٨٥٨) ی زاینی بنیات نراوە، سوڵتان( عەبدولمەجید) ی عوسمانی فەرمانی دروستکردنی ئەو خانەقایەی بۆ بنەماڵەی سەردار داوە، کە دواتر بە بنەماڵەی خانەقا ناسراون.

بنەڕەتی ناوەکەی هاوپەیوەستی سەردەمێکی ئاینییە کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی سەید ئەحمەدی خانەقای بنەماڵەی(سەردار) کە ئەم بنەماڵەیە نزیکەی ٢٠٠ساڵێکە هاتوونەتە شاری کەرکوك و ئەم گەڕەکە لە سەردەمی ئەواندا ئاوەدان بۆتەوە و ناوبانگی دەرکردووە لە کەرکوکدا.

ئەم خانەقایە لەسەر دەستی شێخ قادری نەوەی سەید ئەحمەدی سەردار لە نزیکی مزگەوتەکەی (قایشی محەمەد پاشا) ی موتەسەڕیفی کەرکوك کە ناوی مزگەوتی سەرا بوو، دروستکرابوو پاشی شێخ قادر شێخ حوسێنی کوڕی پەرەی پێ داوە، ئینجا سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ حوسێن کە خانەقاکەی تەواو کردبوو، بە ناوی خانەقای سەید ئەحمەدەوە ناو دەبرا، هەروەها سەید ئەحمەد خۆشی بە ناوی خانەقاکەوە ناوی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو.

سەید ئەحمەدی خانەقا، خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، لە دێی سەرگەڵووی سەر بە ناحییەی سورداشی سلێمانی، باپیری لەوێوە هاتووەتە کەرکوك.

مەلا جەمیل وەسفی شوێنی خانەقاکە دەکات و دەنووسێت:

لای خواری دیواری پشتی سەراو پشتی قشڵەی سەربازی بوو، کە ئینگلیز کەرکوکیان داگیر کرد، لای سەر شەقامەکەی هەولێرییان دابڕی و کردییانە (مەدرەسەی عیلمییە) ئینجا مەکتەبەی عامە، لای باکورو خۆرئاوای عەرزەیەکی پان و پۆڕی هەبوو بۆ گۆڕستان تەرخان کرابوو، دائیرەی عەسکەری داگیرییان کردو کردییان بە تەوڵەی عەسکەری، بەم جۆرە چەند هەزار مەتری لێ دابڕا، خانەقا پێوانەی زۆر بوو، مزگەوتەکەی کەوتبووە ناوەندی، بە دەورا پتر لە (سی) ژووری هەبوو، دیوەخانی هاوینی و هی زستانی جیابوو، ژوورەکانی تری بۆ میوانی ناسراوو پیاوانی گەورە پڕ فەرش کرابوو، چەند ژوورێکی بۆ سۆفی و هەژار هەبوون، چەند ژوور بۆ مەلاو فەقێکان هەبوو.

ئەم گەڕەکە بە درێژایی ڕۆژگار، بوو بە گەڕەکێکی بازرگانی و ئابووری، کە زۆربەی ماڵەکانییان کرایە دووکان و باڵەخانەی بازرگانی و لە چوارچێوەی گەڕەك چووە دەرەوەو بوو بە بازاڕێکی هاوچەرخ.

(عەبدولڕەقیب یوسف) باس لە (ئیسماعیل پاشای بادینی) دەکات و دەنووسێت:

ئیسماعیل پاشای کوڕی محەمەد تەیاری کوڕی ئیسماعیل پاشای یەکەم کە لە نێوان ساڵانی(١٨٦٠- ١٨٦١) ی زایینی والی شارەزوور بووە، بە پێی ئەوەی کە لە وەقفێکدا لە (٧)ی ئەیلوولی ساڵی(١٨٦٠) زایینی هاتووە: خانەقاو تەکیەی بۆ شێخ قادری کوڕی سەید ئەحمەدی سەردار دروست کردووە، هەروەها خانوویەکی گەورەو جوانیشی بۆی لە بەرامبەر تەکیە دروست کردووەو تەکیەو خانووەکەی کردووە بە وەقف بۆ سەید قادر لەگەڵ چەند عەقارێکی تر.

مەلا عەبدولمەجیدی قوتب وێنەیەکی ئەو وەقفەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا حکومەتی بەعس ئەو نەخشەیەی بە تورکی عوسمانی لە سەرتاپای خانەقاوە سڕییەوە، خانەقای سەید ئەحمەد بە درێژایی مێژوو مەڵبەندی پیاوەتی و بەخشندەیی و جوامێری و پەروانەی پیاو ماقوڵان و خاوەن پێگەی زانایان و نووسەران و هونەرمەندان و بوێران و پیاوانی ئایینی بووە.

مامۆستاو پیاوە ئاینییەکانی مەدرەسەی خانەقا لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بریتیبوونە لە:

مەلا عەلی حیکمەت سیامەنسووری، شێخ حوسێن ئەفەندی، مەلا مستەفای ژێ، مەلا سلێمانی تورك، مەلا ناسیح ئەفەندی، مەلا ئەحمەد مەلا حەکیم، مەلا تاهیر ئەفەندی، مەلا سادق سنەیی.

لە گەڕەکی خانەقادا، ماڵی خانەقا هەیە، دەکەوێتە بەرامبەر خانەقای سەید ئەحمەد، کە ١٠٠ مەتر لە پردی خەباتی سەر چەمی خاسەوە دوورە، مێژووی بیناکاری بۆ پتر لە ٢٠٠ ساڵ دەگەڕیتەوە بە فەرمانی سوڵتان(عەبدولمەجید)ی عوسمانی بنیات نراوە بۆ شێخ قادری سوور، کە دەکاتە باپیرەی سەید ئەحمەدی خانەقا، ڕووبەری بیناکە پتر لە ٣٠٠٠سێ هەزار مەتری دووجایە، کە لەسەر تەرزی ئەوکاتە بنیات نراوە.

لە دوای کۆچی سەید ئەحمەد، شێخ حوسێنی کوڕی ئەرکی ماڵی خانەقای گرتە ئەستۆو بەردەوام بوو لە خزمەت کردنی خەڵکی شاری کەرکوك تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، پاشان لەلایەن (مەریەم خانی) کچی سەید ئەحمەد بەڕێوەچوولەگەڵ هەموو لایەك بە بێ جیاوازی.

